تا ژیان بەردەوام بێ، خەبات بەردەوامە

ماسك بەستن

XEBAT

خەبات

رۆژنامەیەکی سیاسیی رۆژانەیە
ئۆرگانی پارتی دیموکراتی کوردستانە

ژمارە(6007) یەکشەممە 20ی ئەیلوول 2020 "16" لاپەڕە "500" دینار

لیژنەی دارایی: تا ئێستا حکوومەتی عێراق پرۆژەیاسای بووجەی گشتیی 2020ی ڕەوانەی ئەنجوومەنی نوێنەران نەکردووە



لیژنەی دارایی لە ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق داوای لە ئەنجوومەنی وەزیرانی عێراق کرد کە پلە بکات لە ڕەوانەکردنی پرۆژەیاسای بووجەی گشتیی ٢٠٢٠ی بۆ ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق بۆ ئەوەی پەسەند بکرێت.

لیژنەی دارایی لە ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق دوێنێ شەممە لە ڕاگەیەندراوێکدا ئەوەی وەبیرهێناوەتەوە، کە پێشتر ئاماژە بەوە درابوو کە لە کۆبوونەوەی نائاسایی ئەنجوومەنی وەزیران پرۆژەیاسای بووجەی گشتیی ٢٠٢٠ پەسەند کراوە و ڕەوانەی ئەنجوومەنی نوێنەران کراوە، بەڵام لیژنەی دارایی لە ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق دووپاتی دەکاتەوە کە تا ئێستا پرۆژەیاسای بووجەی گشتیی ٢٠٢٠ لە لایەن ئەنجوومەنی وەزیرانەوە ڕەوانەی ئەنجوومەنی نوێنەران نەکراوە.

(زیاتر لە ل3 بخوێنەوە)

سەرۆکی هەرێمی کوردستان لەگەڵ کونسوڵ و نوێنەرانی یەکێتیی ئەورووپا کۆبوونەوە

هەرێمی کوردستان وەک هەمیشە بە فاکتەرێکی سەقامگیری لە عێراق و ناوچەکە دەمێنێتەوە



پێشنیوەڕۆی ڕۆژی چوارشەممە ٢٠٢٠/٩/١٦ لە سەرۆکایەتیی هەرێمی کوردستان لە هەولێر، بەڕێز نێچیرڤان بارزانی، سەرۆکی هەرێمی کوردستان، بە ئامادەبوونی بەڕێزان جێگرانی سەرۆک و بەرپرسی فەرمانگەی پەیوەندییەکانی دەرەوەی هەرێمی کوردستان، لەگەڵ کونسوڵ و نوێنەرانی وڵاتانی یەکێتیی ئەورووپا لە هەرێمی کوردستان کۆبوونەوە.

(زیاتر لە ل3 بخوێنەوە)



مەسرور بارزانی:

گەشبینم کە دەتوانین لەگەڵ حکوومەتی فیدراڵی بگەینە ڕێککەوتنی کۆتایی

سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان ڕایدەگەیەنێت، کە گەشبینە بە چارەسەرکردنی کێشەکانی هەولێر و بەغدا و بگەن بە ڕێککەوتنی کۆتایی.

(زیاتر لە ل2 بخوێنەوە)



فازڵ میرانی: عێراق هەمیشە قابیلی ئەوەیە گۆڕانکاری تێدا بێت

فازڵ میرانی سکرتێری مەکتەبی سیاسی پارتی دیموکراتی کوردستان لە دیانەیەکدا لەگەڵ بەشی کوردی دەنگی ئەمەریکا، دەڵێت: بەم زووانە کۆبوونەوەی فراوانی پارتی و یەکێتی بەڕێوەدەچێت بەڵام ئێستا چاوەڕێی یەکێتیین، وە نیازیێکیش هەیە بۆ کۆبوونەوەی هەموو لایەنە سیاسیەکان لە بارەگای سەرۆکایەتی هەرێم، هەروەها سەبارەت بە سەردانەکەی کازمی بۆ هەرێمی کوردستان دەڵێت، کارێکی باش بوو بەڵام خۆنواندن و خۆهەڵکشانی تێدابوو، کورد لە عێراقدا کێشەی لەگەڵ کەسەکان نییە. هەروەها سەبارەت بە سەردانی سەرۆکی فەرەنسا بۆ عێراق و دۆستایەتی کورد لە نێوان تورکیا و فەرەنسادا، میرانی دەڵێت: بەبۆچوونی من کورد دەبێت هەردوو وڵات هەڵبژێرێت، کۆبوونەوەی سەرۆکی هەرێم و سەرۆکی فەرەنسا زۆر باش بوو، کاك نێچیرڤان شتی نوێی بە سەرۆکی فەرەنسا گوت کە خەڵکی تر پێی نەگوتووە یان خۆیشی (واتە ماکرۆن) نەیزانیوە.

(زیاتر لە ل4 بخوێنەوە)

کۆشکی سپی:

پێنج وڵاتی دیکە بیر لە ئاساییکردنەوەی پەیوەندییەکانیان لەگەڵ ئیسرائیل دەکەنەوە



کۆشکی سپی ئەمەریکا، بڵاوی کردەوە کە پێنج وڵاتی دیکە کە سیانیان لە خۆرهەڵاتی ناوەڕاست و دووانیان لە دەرەوەی ناوچەکەن زۆر نزیکن لەگەڵ ئیسرائیل پەیوەندییەکانیان ئاسایی بکەنەوە.

(زیاتر لە ل5 بخوێنەوە)



تەرمی خوالێخۆشبوو دارا ڕەئوف و هاوسەرو کچەکەی کە هەفتەی ڕابردوو لەنێو ماڵەکەی خۆیان لە شاری بەغدا تیرۆرکران، گەڕێندرایەوە زێدی باوباپیرانیان و لە شاری سلێمانی بەخاکسپێردران.




5

نەتەوە یەکگرتووەکان داوا لە تورکیا دەکات لێکۆڵینەوە لە تاوانەکانی ڕۆژئاوای کوردستان بکات



6

مانگی داهاتوو بەردی بناغەی ناوچەی پیشەسازی هەولێر دادەندرێت



15

ئەمشەو لیڤەرپوول لەبەردەم تاقیکردنەوەیەکی ڕاستەقینەدا ڕووبەڕووی کۆرانی لامپارد دەبێتەوە



سەرۆک بارزانی لە پەیامێکدا ئیدانەی کارەساتی شەهیدکردنی خانەوادەی دارا رەئوف دەکات

رۆژی چوارشەممە ١٦/٩/٢٠٢٠ سەرۆك بارزانی لە پەیامێکدا بەبۆنەی کارەساتەکەی خێزانی دارا رەئوف لە بەغدا سەرەخۆشی لە بنەماڵە و کەسوکاری کرد. ئەمەش دەقی پەیامەکەیە:

بەناوی خودای بەخشندە و میهرەبان

زۆر بە داخەوە هاوواڵتی دارا رەئوف کە کوردی دانیشتووی شاری بەغدا بووە، خۆی و خێزان و کچەکەی بە شێوەیەکی دڕندانە لە بەغدا شەهید کران. وێڕای ئەوەی بە توندی ئیدانەی ئەو تاوانە دەکەم سەرەخۆشی لە بنەماڵە و کەسوکاری دارا رەئوف دەکەم. هەروەها دەستخۆشی لە هەوڵ و ماندووبوونی دەزگا ئەمنییەکانی شاری هەولێر دەکەم کە توانیان خێرا تاوانبارى سەرەکیی ئەم تاوانە ئاشکرا بکەن و دەستگیری بکەن.

مسعود بارزانی
١٦ی ئەیلوولی ٢٠٢٠

سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان ئیدانەی کارەساتی شەهیدکردنی خانەوادەی دارا رەئوف دەکات

مەسرور بارزانی سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان رۆژی چوارشەممە ١٦/٩/٢٠٢٠ لە پەیامێکدا بەبۆنەی کارەساتەکەی خێزانی دارا رەئوف لە بەغدا سەرەخۆشی لە خانەوادەی بەڕێزیان و کەسوکاری دەکات. ئەمەش دەقی پەیامەکەیە:

وێڕای هاوخەمیی و سەرەخۆشی کردن لە بنەماڵە و کەسوکاری خوالێخۆشبوو دارا رەئوف کە بەداخەوە لە شاری بەغدا بە شێوەیەکی دڕندانە خۆی و هاوسەری و کچێکی شەهیدکران، ئەم تاوانە بە توندترین شێوە ئیدانە دەکەم، لە هەمانکاتدا دەستخۆشی لە دەزگا ئەمنییەکانی شاری هەولێر دەکەم کە توانییان بە زووترین کات، تاوانباری سەرەکی دەستگیر بکەن. دەستی ماندووی یەك بە یەکیان دەگوشم و پێیان دەڵێم ئێوە جێی شانازی ئێمەن.

مەسرور بارزانی
سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان
١٦ ی ئەیلوولی ٢٠٢٠

مەسرور بارزانی:

گەشبینم کە دەتوانین لەگەڵ حکوومەتی فیدراڵی بگەینە ڕێککەوتنی کۆتایی



سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان رایدەگەیەنێت، کە گەشبینە بە چارەسەرکردنی کێشەکانی هەولێر و بەغدا و بگەن بە ڕێککەوتنی کۆتایی.

رۆژی هەینی ١٨-٩-٢٠٢٠، مەسرور بارزانی سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان لە هەژماری تایبەتیی خۆی لەتوێڕی کۆمەڵایەتیی تویتەر، لە دوو تویتدا بە زمانی ئینگلیزی نووسیویەتی: ناکۆکییەکانمان لەگەڵ حکوومەتی عێراق زۆرن و کێشەی ئێستا نین و دەمێکە ئەو کێشانە هەن. ئێمە دەمانەوێت دڵنیایی بگەڕێنینەوە بۆ هاوبەشی ستراتیژی نێوانمان.

مەسرور بارزانی ڕاشیگەیاندووە: پەیوەندییە بنیادنەرەکانی نێوان هەولێر و بەغدا گرنگن بۆ سەقامگیری ناوچەکەمان و بۆ بەغداش. سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان ئاماژەی بەوەکردووە، هەرچەندە بەربەستەکان زۆرن، بەڵام ئێمە تیمێکی دانوستانی بەهێز و هەمەلایەنەمان لە حکوومەتی هەرێم پێکهێناوە و یەکگرتووە لەسەر ئەو ئەرك و مەبەستە.

ئەنجوومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان ڕێڕەوی بەڕێوەچوونی دانوستانەکان و بودجەی فیدراڵیی عێراق تاووتوێ دەکات

مەسرور بارزانی: حکوومەتی هەرێمی کوردستان لە هەموو کەس و لایەنێک زیاتر پەرۆشی باشترکردنی ژیان و گوزەرانی هاووڵاتیانە



ئەنجوومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان ڕێڕەوی بەڕێوەچوونی دانوستانەکان و بودجەی فیدراڵیی عێراق تاووتوێ دەکات.

ڕۆژی چوارشەممە ١٦/٩/٢٠٢٠ بە سەرپەرشتی مەسرور بارزانی سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران و بەشداریی قوباد تاڵەبانی جێگری سەرۆك وەزیران، ئەنجوومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان کۆبوونەوەی.

لە سەرەتای کۆبوونەوەکەدا، سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان، ئاماژەی بەوەدا کە ئەمڕۆ بە شکۆوە یادی شەهیدانی کوشتارگەی گوندی سۆریای سەر بە قەزای زاخۆ دەکەینەوە کە لە ١٦ ی ئەیلوولی ١٩٦٩ ڕژێمی بەعس تاوانێکی گەورەی ئەنجامدا و چەندین کەس لە هاووڵاتیبانی مەسیحی و موسڵمانی گوندەکە شەهید بوون.

پاشان سەرۆك وەزیران تیشکی خستە سەر سەردانی سەرۆك وەزیرانی عێراق مستەفا کازمی بۆ هەرێمی کوردستان و ئاماژەی بەوەدا، کە ئەم سەردانە بە هەنگاوێکی ئەرێنی دەبینین لە پێناو چارەسەرکردنی کێشە هەڵپەسێردراوەکانی نێوان هەرێمی کوردستان و حکوومەتی فیدراڵی لە سەر بنەمای دەستوور کە هیوادارین بە کردەیی گفتوگۆکان بگەنە ئەنجام و لە بەرژەوەندی هەردوولادا بێت .

گوتیشی کێشەکان تەنیا مووچە و شایستەی دارایی هەرێم لە بودجە نییە، بەڵکو جیا لە کێشەکانی پەیوەست بە بودجە و نەوت، ئاساییکردنەوەی دۆخی ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم و ماف و شایستە دەستوورییەکانی دیکەی هەرێم و پێشمەرگە، چەند تەوەرێکی دیکەی ناکۆکییەکانە لەگەڵ حکوومەتی فیدراڵی.

سەرۆك وەزیرانی هەرێمی کوردستان هەروەها ئاماژەی بەوەدا کە سەرەڕای قەیرانەکان، بەڵام دۆخی خزمەتگوزاری لە هەرێمی کوردستان لە ناوچەکانی تری عێراق باشترە و حکوومەتی هەرێمی کوردستان لە هەموو کەس کرا و ڕەوانەی ئەنجوومەنی نوێنەران کرا. تیشکیان خستە سەر ئەو مادده و بڕگانەی پڕۆژەکە کە پەیوەندییان بە هەرێمی کوردستانەوە هەیە.

لە کۆتایی کۆبوونەوەکەدا، گفتوگۆ دەربارەی بنەماکانی ستراتیجی گشتی بودجەی فیدراڵیی عێراق کرا بۆ ساڵەکانی ٢٠٢١ تا ٢٠٢٣ کە لیژنەیەکی باڵای بۆ پێکهێنراوە و هەرێمی کوردستانیش تێیدا بەشداره، لەم تەوەرەشدا وەزیری پلاندانان، ڕوونکردنەوەی پێویستی پێشکەش کرد و ئەنجوومەنی وەزیرانیش وەزارەتەکانی ڕاسپارد، کە هەماهەنگی لەگەڵ هەردوو وەزارەتی دارایی و ئابووری و پلاندانان بکەن بۆ ئەو مەبەستە، تا هەرێمی کوردستان بەشداریەکی کاریگەری هەبێ لە دارشتنی ستراتیجیەتی بودجەی فیدراڵی بە ئاراستەی دابینکردنی ماف و شایستە داراییەکانی هەرێمی کوردستان.

ڕۆژهەڵاتی کوردستان..

لە شاری شنۆ بەهۆی تەقەی هێزە ئەمنییەکانی ئێران سێ شوان بوونە قوربانی



لە ئەنجامی تەقەی هێزە چەکدارەکانی سوپای پاسداران لە سنوورەکانی شنۆ شوانێك گیانی لەدەستداوە و دوو شوانی دیکەش بریندار بوون. بەپێی هەواڵی ڕێکخراوی (هەنگاو) بۆ مافەکانی مرۆڤ، ڕۆژی هەینی ٢٠٢٠,٩,١٨ هێزەکانی سوپای پاسداران لە سنوورەکانی شاری شنۆ، سێ شوانی خەڵکی گوندی «لولکان»ی سەر بە ناوچەی «دەشتە بێڵ»یان داوەتە بەر دەستڕێژی گوللە و لە ئاکامدا شوانێك بە ناوی حەسەن خەندەپوور گیانی لەدەست داوە. بەپێی هەمان سەرچاوە دوو شوانی دیکەش بریندار بوون کە هەتا ئێستا ناسنامەیان ئاشکرا نەبووە. تەرمی حەسەن لەلایەن سوپای پاسدارانە و هەتا کاتی ئامادەکردنی ئەم هەواڵە ڕادەستی بنەماڵەکەی نەکراوەتەوە.

جێی باسە ماوە ماوە لە ناوچە سنوورییەکانی باشوور و ڕۆژهەڵاتی کوردستان لەلایەن هێزە ئەمنییەکانی ئێرانەوە، بە بیانووی جۆراوجۆر خەڵکی مەدەنی و شوان و جووتیاران کەلە سنوورەکان نزیك دەبنەوە، دەدرێنە بەر دەستڕێژ و دەبنە قوربانی، هاوکات بەپێی زانیاریی ناوەندەکانی مافی مرۆڤ کوژرانی کۆڵبەران بە دەستڕێژی هێزە ئەمنییەکانی ئێران بووەتە دیاردەیەکی ڕۆژانە و ساڵانە بەدەیان کۆڵبەر و کاسبکاری کورد دەبنە قوربانی.

فرۆشتنی دۆلار لەلایەن وەزارەتی دارایی بەشێوەیەکی ئاشکرا دەبێت

بە بڕیاری وەزیری دارایی و ئابووری، فرۆشتنی دۆلار لەلایەن وەزارەتی دارایی و ئابووری بەشێوەیەکی ئاشکرا دەبێت. دوێنێ لە ڕاگەیەنراوێکی وەزارەتی دارایی و ئابووریدا هاتووە، لەسەر ڕاسپاردەی ئاوات شێخ جەناب وەزیری دارایی و ئابووری حکوومەتی هەرێمی کوردستان، گۆڕینەوەی دۆلار بە دینار لەلایەن وەزارەتەوە بەشێوەی فرۆشتنی ئاشکرا دەبێت. بەس لەوەش کراوە، بۆ ئەو مەبەستە گرووپێکی ئەلیکترۆنی کارا کراوە کە سەرجەم بانکە ئەهلییەکان و کۆمپانیاکان و نووسینگەکان کە مۆڵەتی فەرمیان هەیە بۆ گۆڕینەوەی دراو، دەتوانن بەشداربن لەو پرۆسەی کرینی ئاشکرایەدا کە بۆ گۆڕینەوەی دۆلار بە دینار دەکرێت.

ڕوون کراوەتەوە، ئەو بڕیارەش لە پێناو نەهێشتنی قۆرخکاری و هەلی وەك یەك بۆ هەمووان و زیادکردنی داهاتی گشتییە.

سەرۆکی هەرێمی کوردستان لەگەڵ کونسوڵ و نوێنەرانی یەکێتیی ئەورووپا کۆبوونەوە

نێچیرڤان بارزانی: هەرێمی کوردستان وەک هەمیشە بە فاکتەرێکی سەقامگیری لە عێراق و ناوچەکە دەمێنێتەوە



پێشنیوەڕۆی رۆژی چوارشەممە ٢٠٢٠/٩/١٦ لە سەرۆکایەتیی هەرێمی کوردستان لە هەولێر، بەڕێز نێچیرڤان بارزانی، سەرۆکی هەرێمی کوردستان، بە ئامادەبوونی بەڕێزان جێگرانی سەرۆك و بەرپرسی فەرمانگەی پەیوەندییەکانی دەرەوەی هەرێمی کوردستان، لەگەڵ کونسوڵ و نوێنەرانی وڵاتانی یەکێتیی ئەورووپا لە هەرێمی کوردستان کۆبوونەوە.

لە کۆبوونەوەکەدا سەرۆك نێچیرڤان بارزانی باسێکی دەربارەی دۆخی گشتیی هەرێمی کوردستان، پەیوەندییەکانی هەولێر ـ بەغدا و گفتوگۆی چارەسەرکردنی کێشەکانیان، پەیوەندییەکانی هەرێمی کوردستان و عێراق لەگەڵ وڵاتانی دراوسێ، تەحەدییەکانی بەردەم هەرێمی کوردستان و عێراق بۆ بەرەنگاربوونەوەی پەتای ڤایرۆسی کۆرۆنا و لێکەوتەکانی، ڕووبەڕووبوونەوەی مەترسییەکانی داعش، تێپەڕاندنی دۆخی سەختی ئابووری و دارایی و پرۆسەی چاکسازی لە هەرێمی کوردستان پێشکەش کرد.

بەڕێزیان سوپاس و پێزانینی هەرێمی کوردستانی بۆ وڵاتانی یەکێتیی ئەورووپا دووپات کردەوە کە لە چوارچێوەی هاوپەیمانیی نێودەوڵەتیی دژی داعشدا بە سەرکردایەتیی ئەمەریکا پشتگیریان لە عێراق و هەرێمی کوردستان کردووە و دەکەن، هەروەها یارمەتیی مرۆییان پێشکەش بە ئاوارە و پەنابەران لە کەمپەکانی هەرێمی کوردستان کردووە، بۆ بەرەنگاربوونەوەی پەتای ڤایرۆسی کۆرۆناش، هاوکاریی هەرێمی کوردستان دەکەن.

سەرۆك نێچیرڤان بارزانی هەروەها سوپاس و پێزانینی هەرێمی کوردستانی بۆ وڵاتانی یەکێتیی ئەورووپا کردەوە کە لە پرۆسەی چاکسازیدا هاوکاری دەکەن و جەختی لە بەردەوامیی پرۆسەکە کردەوە و هاوکاری و یارمەتیی وڵاتانی یەکێتیی ئەورووپای لەمبارەیەوە بە پێویست و گرنگ زانی.

سەرۆك نێچیرڤان بارزانی وێڕای دووپاتکردنەوەی پشتگیریی هەرێمی کوردستان لە حکوومەتی بەڕێز سەرۆك وەزیران مستەفا کازمی، جەختی لە خواستی هەرێمی کوردستان بۆ چارەسەرکردنی تەواوی کێشەکان لەسەر بنەمای دەستووری عێراق کردەوە بە شێوەیەك ماف و شایستەکانی هەرێمی کوردستان دەستەبەر بکرێن و سیستەمی فیدراڵی وەك لە دەستووردا هاتووە جێبەجێ بکرێت، چارەسەرکردنی کێشەکانی هەرێمی کوردستان و هاوبەشی و بەشداریی پێکهاتەکانی عێراقیشی لە پرۆسەی سیاسی و بەڕێوەبردنی وڵاتدا، بە فاکتەری سەقامگیریی وڵات لە قەڵەم دا.

بەڕێزیان جەختی لەوەش کردەوە کە هەرێمی کوردستان وەك هەمیشە بە فاکتەرێکی سەقامگیری لە عێراق و ناوچەکە دەمێنێتەوە و خوازیاری بەرەودانە بە پەیوەندییەکانی لەگەڵ وڵاتانی دراوسێ لەسەر بنەمای ڕێزگرتن و بەرژەوەندیی هاوبەش، ڕوونیشی کردەوە کە پەیوەندییەکانی هەرێمی کوردستان لەگەڵ کۆماری ئیسلامیی ئێران و کۆماری تورکیا باشن و قەبارەیەکی گەورەی ئاڵوگۆڕی بازرگانی و چالاکیی ئابووری لەگەڵیاندا هەیە.

لە بەشێکی دیکەی کۆبوونەوەکەدا سەرۆك نێچیرڤان بارزانی ئاماژەی بە مەترسییەکانی سەرهەڵدانەوەی داعش کرد و جەختی لە پێویستیی عێراق و هەرێمی کوردستان بە بەردەوامیی پشتگیریی نێودەوڵەتی بۆ بەرەنگاربوونەوەی تیرۆر و گرنگیی هەماهەنگیی نێوان پێشمەرگە و سوپای عێراق بەتایبەتی لە سنووری ناوچەکانی مادەدی ١٤٠ کردەوە.

بەڕێزان کونسوڵ و نوێنەرانی وڵاتانی یەکێتیی ئەورووپا چەندین پرسیاریان دەربارەی تەوەرکانی کۆبوونەوەکە، گفتوگۆی ستراتیژیی ئەمەریکا ـ عێراق و سەردان و دیدارەکانی ئەم دواییەی سەرۆك نێچیرڤان بارزانی لە بەغدا و ئەنقەرە و چەند پرسێکی پەیوەست بە دۆخی ناوچەکەوە ئاراستەی بەڕێزیان کرد و خۆشحاڵییان بە کارکردن و هاوبەشی لەگەڵ هەرێمی کوردستان دەربڕی، هەروەها دووپاتیان کردەوە کە وڵاتەکانیان بە بایەخەوە لە پەیوەندییەکانیان لەگەڵ هەرێمی کوردستان دەڕوانن.

لە وەڵامدا سەرۆك نێچیرڤان بارزانی جەختی لە سیاسەت و تێڕوانینی هەرێمی کوردستان لەسەر بنەمای پاراستنی سەقامگیری و گفتوگۆ و هاوبەشی و پێکەوە کارکردن بۆ تێپەڕاندنی قەیرانەکان و یارمەتیدانی ئاوارە و پەنابەران بۆ گەڕانەوەی ئاسوودەیان بۆ شوێنەکانیان کردەوە.



سەرۆکی هەرێمی کوردستان و جێگری سەرۆك وەزیران کۆبوونەوە

پاشنیوەڕۆی رۆژی چوارشەممە ٢٠٢٠/٩/١٦ بەڕێز نێچیرڤان بارزانی، سەرۆکی هەرێمی کوردستان، پێشوازی لە بەڕێز قوباد تاڵەبانی، جێگری سەرۆك وەزیرانی هەرێمی کوردستان کرد.

لە کۆبوونەوەیەکدا کە بەڕێزان جێگرانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان ئامادەی بوون، بەڕێز جێگری سەرۆك وەزیران پوختەیەکی دەربارەی دواییین بەرەوپێشچوونەکانی گفتوگۆی هەولێر ـ بەغدا پێشکەش کرد و جەخت لەسەر ئەوە کرایەوە کە هەرێمی کوردستان پابەند دەبێت بەوەی هەموو کێشە هەڵپەسێردراوەکان لەگەڵ بەغدا لەسەر بنەمای دەستوور چارەسەر بکات.

دۆخی سیاسی و ئابووری و هەنگاوەکانی بەرەنگاربوونەوەی پەتای ڤایرۆسی کۆرۆنا، چەند تەوەرێکی دیکەی کۆبوونەوەکە بوو کە تیایدا بەڕێزان سەرۆکی هەرێمی کوردستان و جێگری سەرۆك وەزیران جەختیان لەسەر پێویستیی هەماهەنگیی زیاتری نێوان لایەنەکان و تەبایی بۆ تێپەڕاندنی کێشە و قەیرانەکان کردەوە.

لێژنەی دارایی:

تا ئێستا حکوومەتی عێراق پڕۆژەیاسای بووجەی گشتیی ٢٠٢٠ی ڕەوانەی ئەنجوومەنی نوێنەران نەکردووە

لێژنەی دارایی لە ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق داوای لە ئەنجوومەنی وەزیرانی عێراق کرد کە پلە بکات لە ڕەوانەکردنی پڕۆژەیاسای بووجەی گشتیی ٢٠٢٠ی بۆ ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق بۆ ئەوەی پەسەند بکرێت.

لێژنەی دارایی لە ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق دوێنێ شەممە لە ڕاگەیەندراوێکدا ئەوەی وەبیرهێناوەتەوە، کە پێشتر ئاماژە بەوە درابوو کە لە کۆبوونەوەی ناڕاسایی ئەنجوومەنی وەزیران پڕۆژەیاسای بووجەی گشتیی ٢٠٢٠ پەسەند کراوە و ڕەوانەی ئەنجوومەنی نوێنەران کراوە، بەڵام لێژنەی دارایی لە ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق دووپاتی دەکاتەوە کە تا ئێستا پڕۆژەیاسای بووجەی گشتیی ٢٠٢٠ لە لایەن ئەنجوومەنی وەزیرانەوە ڕەوانەی ئەنجوومەنی نوێنەران نەکراوە.

لێژنەی دارایی لە ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق داوای لە ئەنجوومەنی وەزیرانی عێراق کرد کە پلە بکات لە ڕەوانەکردنی پڕۆژەیاسای بووجەی گشتیی ٢٠٢٠ی بۆ ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق بۆ ئەوەی پەسەند بکرێت.

ئەمەیش لە کاتێکدایە پێشتر گوتەبێژی سەرۆکوەزیرانی عێراق، ئەحمەد مولا تەڵاڵ رایگەیاندبوو کە ئەنجوومەنی وەزیرانی عێراق پڕۆژەیاسای بوودجەی گشتیی ٢٠٢٠ی پەسەند کردووە و ڕەوانەی ئەنجوومەنی نوێنەرانی کردووە.



عێراق داوا لە کوێت دەکات پێدانەوەی قەرەبووکردنەوەی داگیرکاریی دوابخات



عێراق داوای لە کوێت کرد پێدانەوەی قەربووکردنەوەی داگیرکاری دوابخات بەهۆی قەیرانی دارایی و ئابووری لەو وڵاتەدا. سەرۆکی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق، محەمەد حەلبوسی کە بە سەردانێکی فەرمی لە کوێت بوو، لەگەڵ سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیرانی ئەو وڵاتە، سەباح خالید حەمەد سەباح کۆبوونەوەیان لەتێویاندا عێراق ڕووبەڕووی بوونەتەوە.

بەپێی ڕاگەیاندراوەکە، سەرۆکوەزیرانی کوێت بەڵێنی ئەوەی داوە کە بەردەوام دەبێت لە هەوڵەکانیدا لەمبارەیەوە و ئەوە لە پێشینەی کوێتییەکان دایە. وەك لە ڕاگەیەنراوەکەدا ئاماژەی پێدراوە، سەرۆکوەزیرانی کوێت بە سەرۆکی نووسینگەی ڕۆژنامەوانی سەرۆکی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق، لە میانی کۆبوونەوەی محەمەد حەلبوسی و سەباح خالید حەمەد سەباح تاتوێی دۆسیەی قەرزی ماوە لەسەر عێراق و دواخستنی دانەوەی کراوە بەهۆی قەیرانی دارایی کە ژمارەیەك لە وڵاتانی جیهان لەتێویاندا عێراق ڕووبەڕووی بوونەتەوە.

بەپێی ڕاگەیاندراوەکە، سەرۆکوەزیرانی کوێت بەڵێنی ئەوەی داوە کە بەردەوام دەبێت لە هەوڵەکانیدا لەمبارەیەوە و ئەوە لە پێشینەی کوێتییەکان دایە. وەك لە ڕاگەیەنراوەکەدا ئاماژەی پێدراوە، سەرۆکوەزیرانی کوێت بە سەرۆکی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق، لە میانی کۆبوونەوەی محەمەد حەلبوسی و سەباح خالید حەمەد سەباح تاتوێی دۆسیەی قەرزی ماوە لەسەر عێراق و دواخستنی دانەوەی کراوە بەهۆی قەیرانی دارایی کە ژمارەیەك لە وڵاتانی جیهان لەتێویاندا عێراق ڕووبەڕووی بوونەتەوە.

ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراقی ڕاگەیاندووە کە ڕاسپاردەی میری وڵاتەکەی، سەباح ئەحمەد جابر سەباح ئەوەیە کە پشتیوانی لە عێراق بکرێت لە سەرجەم بوارەکاندا.

جێی باسە لە ساڵی ١٩٩١ لێژنەیەك لە نەتەوە یەکگرتووەکان پێکهێنرا و عێراق پابەندکرا بە پێدانی زیاتر بە ٥٢ ملیار دۆلار وەك قەربووکردنەوە کوێت بەهۆی ئەو زیانانەی لە ئەنجامی داگیرکردنی لەلایەن سوپای عێراقەوە پێیگەیشت. بەپێی داتاکانی نەتەوە یەکگرتووەکانیش، تاوەکو ئێستا عێراق زیاتر ٤٨ ملیار دۆلاری لەو قستە داوەتەوە کوێت.

فازڵ میرانی: عێراق هەمیشە قابیلی ئەوەیە گۆڕانکاری تێدا بێت

نێچیرڤان بارزانی شتی نوێی بە سەرۆکی فەرەنسا گوت کە خەڵکی تر پێی نەگوتووە

لە ساڵی ١٩٦٤ەوە دەوڵەتە هەرێمییەکان بڕیاریان داوە لە بزووتنەوەی ئازادیخوازی کورد و کوردستان یەک سەرکردایەتی نەبێت



فازڵ میرانی سکرتێری مەکتەبی سیاسی پارتی دیموکراتی کوردستان لە دیمانەیەکدا لەگەڵ بەشی کوردی دەنگی ئەمەریکا، دەڵێت: بەم زووانە کۆبوونەوەی فراوانی پارتی و یەکێتی بەڕێوەدەچێت بەڵام ئێستا چاوەڕێی یەکێتین، وە نیازێکیش هەیە بۆ کۆبوونەوەی هەموو لایەنە سیاسیەکان لە بارەگای سەرۆکایەتی هەرێم، هەروەها سەبارەت بە سەردانەکەی کازمی بۆ هەرێمی کوردستان دەڵێت، کارێکی باش بوو بەڵام خۆنواندن و خۆهەڵکشانی تێدابوو، کورد لە عێراقدا کێشەی لەگەڵ کەسەکان نییە. هەروەها سەبارەت بە سەردانی سەرۆکی فەرەنسا بۆ عێراق و دۆستایەتی کورد لەنێوان تورکیا و فەرەنسادا، میرانی دەڵێت: بەبۆچوونی من کورد دەبێت هەردوو وڵات هەڵبژێرێت، کۆبوونەوەی سەرۆکی هەرێم و سەرۆکی فەرەنسا زۆر باش بوو، کاك نێچیرڤان شتی نوێی بە سەرۆکی فەرەنسا گوت کە خەڵکی تر پێی نەگوتووە یان خۆیشی (واتە ماکرۆن) نەیزانیوە.

کۆبوونەوەی فراوانی لایەنەکان لە سەرۆکایەتی هەرێم دەکرێت

لەسەرەتای دیمانەکە فازڵ میرانی لەبارەی پەیوەندییان لەگەڵ یەکێتی و لایەنەکانی تر دەڵێت: ئێمە دەستەیەکمان هەیە لەلای ئێمەوە «بەڕێزان کاك هۆشیار زێباری و کاك مەحمود محەمەد و کاك عەلی حوسێن سورچی، لەلای برادەرانی یەکێتیشەوە جەنابی کاك باڤڵ تاڵەبانی هاوسەرۆکی یەکێتی نیشتیمانی، ڕزگار عەلی لێپرسراوی پەیوەندییەکانیان لیژنەیەکی هەمیشەییە، ئێستا پەیوەندییەکان و گرفتەکانی ئێمە و یەکێتی لەنێوان ئەم دوو لیژنەیە دایە، کۆبوونەوەیەکیان کرد لە دووکان، کۆبوونەوەیەکی سەرکەوتوو بوو، کۆمەڵێك بڕیاریان دا، بڕیارەکان پەیوەندی بە چۆنیەتی سەرۆکایەتی پەرلەمان و ئیشی ستراتیجی و نەتەوەیی بوو کە دەبێت بەتەوافوق بکرێت، لە سۆشیال میدیا ئەو توندوتیژیەی کە هەبوو بەشێکی «مەدروس» و بەشێکی «نامەدروس» بوو، ئەویش من نااڵێم بنبڕبووە تونديیەکە نەماوە، تیژییەکە خەریکە بڕێك کۆدەبێتەوە، چاوەڕوانی برادەرانی یەکێتی دەکەین «ئینشاالله» بەم نزیکانە ئەو لیژنەی بەردەوامی کاری خۆی دەکات، لەپاڵ ئەوەشدا چاوەڕوانی کۆبوونەوەیەکی فراوانتر دەکەین لەو لیژنەیە بە بەشداریکردنی هەندێك لە سەرکردەکانی هەردوو حزب ئینجا چ لەپێش کۆبوونەوەی حزبەکان بێت لەبارەگای سەرۆکی هەرێم یان کۆبوونەوەی حزبەکان لەدوای ئەو کۆبوونەوەی پارتی و یەکێتی کە ئەویش هەر لەبارەگای سەرۆکایەتی هەرێم دەکرێت. سکرتێری مەکتەبی سیاسی پارتی دیموکراتی کوردستان جەختیشی کردەوە کۆبوونەوەی فراوانی لایەنەکان دەکرێت لەسەرۆکایەتی هەرێم، لەو ڕوەوە دەڵێت» بەڵێ ئەو نیازە هەمیشە هەیە، وە دەبێت ئەمە بکرێت چونکە سەرۆکایەتی هەرێم هی هەموویانە نە بارەگای پارتییە و نە بارەگای یەکێتیشە. کێشەی پارتی و یەکێتی زۆرن، کێشەی کۆنن هی دە ساڵ و بیست ساڵیش نییە. نە ئەوەی لە دڵی پارتی دایە کە بەسەر یەکێتی بێت جێبەجێ دەبێت، نە ئەوەی کە لە مێشکی یەکێتی دا کە بەسەر پارتی بێت جێبەجێ دەبێت. ئەم دوو شتە دەبێت هەردووکیان لە مێشکی خۆیان دەربهێنن قەدەر وایە دەبێت پێکەوە یەکتری قبوڵ بکەن و پێکەوە بژین.

ئەوە عەرەب و ئیسرائیل پێکدێن ئیتر بۆچی ئێمە پێکنەیەین!

لەوەڵامی ئەو پرسیارەش کە چی لە دڵی پارتی دایە و چیش لە مێشکی یەکێتی دایە؟ فازڵ میرانی دەڵێت: لەوانەیە هەریەك لەوانە بیەوێت ئەوی تر نەمێنێت، بەڵام بیانەوێت و نەیانەوێت هەردووکیان دەمێنن، چونکە نە خۆیان پێیان دەکرێت و نە بڕیاری خۆیانە لە ساڵی ١٩٦٤ ـەوە هەتا ئێستا دەوڵەتە هەرێمییەکان بڕیاریان داوە کە یەك سەرکردایەتی لە بزووتنەوەی ئازادیخوازی کورد و کوردستان نەبێت بۆ ئەوەی بتوانن لەو درزەی هەیە لە نێواندا سوود وەربگرن، ئینجا ئەوە یەکێك بووە لەهۆکارەکان کە «ئینشیقاقەقەی» ١٩٦٤ لەپارتیدا بوو «بەڕەحمەت بن مام جەلال و مام براهیم» چۆن بەلایەکەوە کەوتن و «جەنابی بارزانی-ش» بەلایەکی تردە پاشان ئەوانە چوونە ناو حکوومەت و ئێمە ماینەوە لە شۆڕش و بەڵام بەداخەوە هەردووڵامان هەوڵمان نەداوە ئەمە لە مێشکی نەوەی تازەی لایەنگران و ئەندامانی هەردوو حزب دەربهێنین، ناو بەناو نوێ دەبێتەوە دەبێت ئێمە دەست لەسەر برینەکان دابنێین ئەمەیە هۆکارەکەی، هۆکاری لاوەکیش هەن لەسەر بەڕێوەبەرێکی گشتی لەسەر وەزیرێك کە زۆر کاریگەریان نابێت. میرانی ڕاشیگەیاند: بەبڕوای من ئینگلیز دەڵێن «If there is will، there is way» واتە «ئەگەر ئیرادەی دروستکردنی شتێك هەبێت دەتوانێت بیکات» ئەندام پەرلەمانی گۆران هەیە لە بەغدا گوێ نادات بە سیاسەتی حزبەکەی، لەوانەیە لای ئێمە تاك بەتاك ئەگەر هەبێت ئەویش زۆر کەمە، ئەمە خۆهەڵکێشان نییە، بەڵام هەر حزبێك تایبەتمەندی خۆی هەیە، ئەو مەرکەزیەت و دیموکراتییەی یەکتریان بەستووە لەناو ئێمەدا لەناو حزبەکانی تردا نییە، ئەوانەی دەڵێن ئێمە زۆر دیموکراتیترین لە پارتی، بە بۆچوونی من «بێ ئیلتیزامی» مانای دیموکراتییەت نییە «ئیلتزامکردنی مەرکەزیەت» مانای دیکتاتۆریەت نییە، ئەوان دەڵێن ئەو بێ ئیلتیزامیە ئازادی ڕادەربڕینە، ئازادی ڕادەربڕین لەچوارچێوەی ڕێکخستنەکەدا دەبێت، بۆ نمونە من ئەندامی سەرکردایەتی پارتیم بۆچوونێکم هەیە دەبێت لەناو کۆبوونەوەی سەرکردایەتیدا ئەو بۆچوونە بڵێم، بەڵام کە لەکۆبوونەوەکە دەرچووم من پابەندم بەو بڕیارەی کە لە کۆبوونەوەکە هەیە، ناکرێت لە ڕاگەیاندن بچم بڵێم وەڵا پارتی وا دەکات، بەڵام بۆچوونی من وایە، ئەگەر بۆچوونی تۆ وایە بۆ لەناو ئەو حزبە دایت!

ناکرێت لەسەر بەڕەکە لەگەڵ حکوومەتدا بین و لەژێر بەڕەکە لە ئۆپۆزیسیۆن بین

دەربارەی پەیوەندی پارتی دیموکراتی کوردستان لەگەڵ لایەنەکانی تر؟ سکرتێری مەکتەبی سیاسی پارتی دیموکراتی کوردستان ڕایگەیاند: گۆڕان شەریکی ئێمەیە لە پەرلەمان و لە حکوومەت شەراکەت ئەرکی هەیە و مافی هەیە، بەڕاستی ناکرێت نە ئێمە و نە یەکێتی و نە گۆڕان لەسەر بەڕەکە لەگەڵ حکوومەتدا بین و لەژێر بەڕەکە لە ئۆپۆزیسیۆن بین، «شەراکەت ئیستحقاقی» خۆی هەیە هەم لە ئەرك و هەم لە مافەکان. مرۆڤ ئەگەر شەریکی یەکتربن گلەییش لە یەکتری دەکات، حەقە وەزیرەکانی هەمووڵا کێبڕکێیان بێت کە کێ زیاتر وەزارەتەکەی باشتر بکات و کێ زیاتر خزمەتگوزاری بە حکوومەتەکەی خۆیان بکەن.

بێ ئیلتیزامی مانای دیموکراتییەت نییە

هەروەها دەربارەی ڕەخنەکانی بەشێك لە یەکێتی و گۆڕان، فازڵ میرانی دەڵێت: بەڕاستی بڵێم وەڵا ئەوە بەدڵمان نییە، بەڵام ئەمە نابێتە هۆکاریش ئێمە لەیەك هەڵستینەوە، چونکە ئەم حزبانە هەمووی کێشە و گرفتی ناوخۆیان هەیە. ئەندام پەرلەمانی گۆڕان هەیە گوێ نادات بە جۆاتی نیشتیمانی، هات بۆ کوردستان گوتی مووچەی سلێمانی دەدەم نە کەس ئامادەبوو نە مووچەی سلێمانیشی دا، ئەمە دەکەوێتە خانەی کار و کاردانەوە، هیچ لایەنێکی لێکدانەوەی مەنتیقی تێدانییەو لە دەرەوەی لۆژیکە. فازڵ هەروەها لەبارەی ئەوەی کە لەسەرەتادا وەك پارتی پشتگیری بێ مەرجی کازمیتان کرد بۆ سەرۆك وەزیرانی عێراق و لەئێستاشدا دەنگۆی ئەوە هەیە لەو ئاڕاستەیەن کە ناڕازین لە کازمی؟ میرانی گوتی: عەرەب دەڵێن (لا تمدحن امرءا مالم تجربنه... ولاتژمنه من غیر تجریب) واتە «نە مەدحی یەکێك بکە بێ ئەزموون کردن و نە زەمیشی بکە هەتا ئەزموونت نەکردووە». ئەم «برادەرە» ١٠٠ ڕۆژە سەرۆك وەزیرانە باریکی قورسی خستۆتە سەرشانی خۆی. پرسیارێك دێتە پێش کە ئایا ئەمە دەیەوێت بێتە سەرۆك وەزیرانێکی مەرکەزی و تەقلیدی ڕژێمێکی مەرکەزی بکاتەوە، هێزی لە کوێیە؟! مرۆڤ نازانێت، ئەمەریکا لە پشتیەتی و ئێرانیش لەهەمانکاتدا شتێك لەوێدا هەیە، بڕیارە لە ٢٥ی ١٠ خۆپیشاندانێکی تر لەعێراق و لە بەغداد بکرێت بۆ بەردەوام بوونی شۆڕشی ئۆکتۆبەری پارسااڵ، وەکو گوتم عێراق هەمیشە قابیلی ئەوەیە گۆڕانکاری تێدا بێت، ئینجا گۆڕانکاریەکان لە خوارەوە بۆ سەرەوەن ئەوە شۆڕشە، لە سەرەوە بۆ خوارەوەش ئەوە چاکسازییە.

ماکرۆن هیچ پرۆژەیەکی بۆ عێراق پێنەبوو

لە وەڵامی ئەو پرسیارەی پاش سەردانەکەی سەرۆکی فەرەنسا بۆ عێراق و سەردانی سەرۆکی هەرێم بۆ تورکیا دواتر، کورد دۆستایەتی و پشتیوانی تورکیا هەڵدەبژێرێت یان فەرەنسا؟ فازڵ میرانی گوتی: بەبۆچوونی من کورد دەبێت هەردووکی هەڵبژێرێت، دەبێت وابکات هەڵبژاردنی هەردووکیان پەیوەندی هەردووکیان لەگەڵ عێراق چاك بکاتەوە، چونکە نە تورکیا و نە فەرەنساش بەبێ عێراق ناتوانن پشتیوانی لەکورد بکەن، «جەنابی سەرۆك ماکرۆن» لە لوبنانەوە هاتبوو سەردانی عێراقی کرد کە سەروەری عێراق بچەسپێنێت واتە پرۆژەیەکی پێنەبووە، لەسەر ڕێگا بووە هاتووە بۆ عێراق هیچ پرۆژەیەکی بۆ عێراق پێنەبووە، هەروەك ئەوەی یەکێك بچێت بۆ سلێمانی لە»کانی وەتمان» لابدات، خۆ ناکرێت دوایی بڵێت پرۆژەم بۆ سلێمانی پێبووە، ئەو دانیشتنانە باشبوون کە لەگەڵ «جەنابی کاك نێچیرڤان»بەتەنها دانیشت گوێی لێگرت لە کێشەکانی عێراق و سەروەری عێراق لە کوێ هەیە و لە کوێ ئەو سەروەرییە تێکچووە، کێشەی ئێمە و تورکیا چییە؟ من دڵنیام کە کاك نێچیرڤان شتی نوێی پێ گوتووە کە خەڵکی تر پێی نەوتووە یان خۆیشی (واتە ماکرۆن) نەیزانیووە. میرانی ئەوەشی گوت: پەکەکە ئەوەندە زیانی بۆ کوردی عێراقی دروستکردووە، ئەوەندەی بۆ تورکیا دروست نەکردووە، پەکەکە بۆ دێتەوە کوردستانی عێراق و تورکیا بەدوای خۆیدا دێنێتەوە، تورکیای هێنا هەموو وڵاتی ئێمەی ئاگر تێبەردا کاولی کرد. پەکەکە مەترسی لەسەر تورکیا نەماوە، مەترسی پەکەکە بۆ تورکیا لە سووریا و لە عێراقەوە دەبێت، فەرەنسا و وڵاتان دەبێت ئەمە بزانن تورکیا نەهاتووە موسڵ بگرێتەوە، تورکیا هاتووە مەترسی پەکەکە لەدەرەوەی وڵاتی خۆی لابەرێت، ئێمە نەدەبینە مەحامی پەکەکە وەناشبینە مەحامی تورکیا بەڵام ئەمە واقیعە.

شەردانەکەی کازمی بۆ کوردستان شتێکی باش بوو

من ناتوانم بەناوی سەرکردایەتی هەموو کورد قسە بکەم، بەڵام وەکو خۆم هاتنەکەی سەرۆك وەزیرانی عێراق بۆ کوردستان شتێکی باش بووە ئەوانی تر پێش ئەو نەهاتن. لایەنێکی خۆ هەڵکێشان و خۆ نمایشکردنی تێدابوو، چوونە ناو خەڵك ئەگەر پارەی جوتیارەکانی ٢٠١٦ و ٢٠١٧ و ٢٠١٨ بدات ئەوکات با جوتیارەکان بڵێن دەنگت پێ دەدەین. خەڵکێك هەیە پارتی و یەکێتی خۆش ناوێت ئینجا لەبەر خراپی ئێمەیە یان لەبەر بەرژەوەندی خۆیەتی چاوەڕوانیەکی نادروستیان هەیە لەم سەرۆك وەزیرانە، هەر واشیان بە عەبادی گوت، عەبادی ئەگەر هەردووڵامان بەرژەوەندیەکانی ئەم میللەتە بەدبەختەی لەبەرچاو بگیرێت دەکرێت بۆ ناکرێت، ئەوە عەرەب و ئیسرائیل پێکدێن ئیتر بۆچی ئێمە پێکنەیەین! ئێمە یەك میللەتین و یەك دینیین و خەڵکی یەك وڵاتین. میرانی ئاماژەی بەوەش کرد: لەبەرەی کوردستانییەوە پێکەوە بووین، بەڵام لەیەکتری دابڕاین و شەڕی ناوخۆشمان کردووە و ئاشتبووینەوەو هەڵبژاردنمان پێکەوە کرد و حکوومەتمان دروستکرد و حکوومەتەکەمان کرد بە دوو حکوومەت و جارێکیتر کردمانەوە بە یەك حکوومەت.

میشیل باچلێ: دەبێت چارەنووسی ئەو کەسانە روون بکرێتەوە کە لەلایەن گرووپە چەکدارەکانی نزیک لە تورکیاوە رفێندراون

نەتەوە یەکگرتووەکان داوا لە تورکیا دەکات لێکۆڵینەوە لە تاوانەکانی رۆژئاوای کوردستان بکات



رووداو/ کۆمیسیاری باڵای ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ کاروباری مافەکانی مرۆڤ هانی تورکیا دەدات دەست بە لێکۆڵینەوەیەکی دەستبەجێی سەربەخۆ بکات لەو پێشێلکارییانەی لە ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی هێزەکانی و هێزەکانی نزیک لە ئۆپۆزیسیۆنی سووریا لە ڕۆژئاوای کوردستان دەکرێن. میشیل باچلێ، کۆمیسیاری باڵای ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ کاروباری مافەکانی مرۆڤ ڕایگەیاند، بارودۆخی تایبەت بە مافەکانی مرۆڤ لە شوێنەکانی وەك عەفرین، سەرێ کانی و گرێ سپی زۆر خراپە و تووندوتیژی و تاوانی زۆریان تێدا دەکرێت.

نووسینگەی میشیل باچلێ باڵوێکردەوە، لە ماوەی چەند مانگی ڕابردوودا پێشێلکاریی جیددی لەو ناوچانە تۆمارکراون، لەوانەش زیادبوونی ژمارەی کوشتن، ڕفاندن، «گواستنەوەی نایاساییانەی خەڵکی»، دەستگرتن بەسەر ماڵ و مووڵکی خەڵکدا. وەك لە ڕاگەیێندراوی نووسینگەکەی کۆمیسیاری باڵای ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ کاروباری مافەکانی مرۆڤدا هاتووە، ئەو کەسانەی بەو جۆرە مامەڵەیان لەگەڵ کراوە ئەوانەن کە ئەندام و لایەنگری حزبە ئۆپۆزیسیۆنەکانن یان ڕەخنەگری گرووپەکانی نزیک لە تورکیان یان باری داراییان باشە. هەر لەو بارەوە میشیل باچلێ ئاماژەی بەوە دا، ئەو کەسانەی بەو جۆرە مافیان پێشێل دەکرێت پێویستە بپارێزرێن و هەر بۆیە، «هانی تورکیا دەدەم دەستبەجێ دەست بە لێکۆڵینەوەیەکی بێلایەن، ڕوون و سەربەخۆ بکات لەو ڕووداوانەی کە ئێمە پشتڕاستمان کردوونەتەوە». هەروەها باچلێ جەختی لەوە کردەوە، دەبێت چارەنووسی ئەو کەسانە ڕوون بکرێتەوە کە لەلایەن گرووپە چەکدارەکانی نزیك لە تورکیاوە دەستگیرکراون و ڕفێندراون.

ئەو کۆمیسیارە باڵای ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان پێداگرە لەسەر ئەوەی، دەبێت سزای ئەو کەسانە بدرێت کە هەندێك کاریان کردووە کە دەکرێت بە گوێرەی یاسای نێودەوڵەتی بە تاوان دابنرێن، لەوانەش تاوانی جەنگ. نووسینگەی کۆمیسیارە باڵاکەی نەتەوە یەکگرتووەکان دەڵێت، لە سەرەتای ئەمساڵەوە و بەهۆی تەقەمەنی و مینەوە بە لای کەمەوە ١١٦ هاووڵاتیی سڤیل لەو ناوچانە کوژراون و ٤٦٣ کەس بریندارببوون. ١٥ کەس لە کوژراوەکان ژن بوون، ٢٠یان کوڕ و ٢ کەسیشیان کچ بوون. لە هەمان کاتدا ژمارەیەك هاووڵاتی ڕفێندراون، هەندێك لەوانیش ژن و منداڵ بوون و تاوەکو ئێستاش چارەنووسی هەندێکیان دیار نییە. هاوکات، زیادبوونی شەڕ لە نێوان گرووپە چەکدارەکان لەسەر دەسەڵات ژیانی خەڵکی و ژێرخانەکەیانی خستوەتە مەترسییەوە.

نووسینگەی کۆمیسیاری باڵای ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ کاروباری مافەکانی مرۆڤ ئاماژە بەوەش دەکات، گرووپەکانی نزیك لە تورکیا دەستیان بەسەر ماڵ و مووڵکی خەڵکیدا گرتووە و تاڵانیان کردووە و خەڵکی خۆیان چوونەتە ناویان. لە هەمان کاتدا میشیل باچلێ نیگەرانە لە بەکارهێنانی ئاو، کارەبا و پێداویستییەکانی دیکە وەك کەرەستەی جەنگ.



ئەمەریکا: لە سبەیەوە تیک تۆك و ویچات قەدەغە دەکرێن

وەزارەتی بازرگانیی ئەمەریکا ئاشکرایکرد لەسەر بنەمای «پاراستنی ئاسایشی نیشتمانیی»، دابەزاندنی ئەپڵیکەیشنی تۆرە کۆمەڵایەتییەکانی تیك تۆك و ویچات کە لەلایەن کۆمپانیا چینییەکانەوە خاوەندارێتیی دەکرێن، لە ٢٠ی ئەیلوولەوە قەدەغە دەکات. لە ڕاگەیەنراوێکدا کە لەلایەن وەزارەتی بازرگانیی ئەمەریکاوە بڵاوکراوەتەوە، ئاماژە بەوەکراوە، پارتی کۆمۆنیستی چینی ئەو دوو ئەپڵیکەیشنە بۆ هەڕەشەکردن لە ئاسایشی نیشتمانیی، سیاسەتی دەرەوە و ئابووریی ئەمەریکا بەکارهێناوە.

ئاماژەی بەوەشکردووە، لەگەڵ هەڵگرتنی دەستڕاگەیشتن بەو ئەپڵیکەیشنانە و کەمکردنەوەی بەکارهێنانیان تا ڕادەیەکی بەرچاو، بەکارهێنەرانیان لە ئەمەریکا باریزراو دەبن و تیشکخراوەتە سەر ئەوەش، ئەگەر هەڕەشەکانی تیك تۆك و ویچات وەکو یەکیش نەبن هاوشێوەن.

ڕاگەیەنراوەکە باس لەوەشدەکات، هەردوو ئەپڵیکەیشنەکە، زانیارییەکانی بەکارهێنەران، وەك پێگە و داتا لەبارەی ڕابردوویان کۆدەکەنەوە و ئەو کۆمپانیایانە ناچارکراون هەماهەنگی لەگەڵ دەزگای هەواڵگریی پارتی کۆمۆنیستی چینی بکەن. هەروەها لە ڕاگەیەنراوەکەی وەزارەتی بازرگانی ئەمەریکادا هاتووە: ئەم دۆخە دەبێتە هۆی ئەوەی بەکارهێنانی ویچات و تیك تۆك ببێتە مایەی دروستکردنی مەترسیی قبوڵنەکراو بۆ سەر ئاسایشی نیشتمانییان.

ئاماژە بەوەشکراوە، لە سبەی ٢٠ی ئەیلوولەوە دابەزاندنی تیك تۆك و ویچات لە ئەمەریکا قەدەغە دەکرێت و ڕێگە بە خزمەتگوزاریی گواستنەوە و پێدانی پارە لە ڕێگەی ستۆرەکانی مۆبایلەوە بۆ ئەم ئەپڵیکەیشنانە نادرێت. وەزارەتی بازرگانی ئەمەریکا ئاماژەی بەوەشکردووە، لە کاتی کۆتاییهاتنی مەترسییەکانی سەر ئاسایشی نیشتمانیی تاکو ١٢ی تشرینی دووەم ئەوە ئەگەری هەڵگرتنی قەدەغەکە لەلایەن سەرۆکی ئەمەریکا، دۆنالد ترەمپەوە لە ئارادایە. جێی باسە سەرۆکی ئەمەریکا، دۆنالد ترەمپ ڕۆژی سێی ئاب ڕایگەیاندبوو ئەگەر لقی ئەمەریکای تۆڕی کۆمپانیایەکی تیك تۆکی چینی بە کۆمپانیایەکی ئەمەریکی نەفرۆشرێت، ئەوە بەکارهێنانی ئەپڵیکەیشنەکە لە وڵاتەکەی قەدەغە دەکات.

ئەمەریکا ڕاداری جۆری سێنتینێڵ و زرێپۆشی جۆری برادلی ڕەوانەی باکووری خۆرهەڵاتی سووریا کرد

فەرماندەیی هێزەکانی ناوەندی ئەمەریکا، بڵاوی کردەوە کە ڕاداری جۆری سێنتینێڵ و زرێپۆشی جۆری برادلیان ڕەوانەی باکووری خۆرهەڵاتی سووریا کردووە. لەو بارەیەوە، گوتەبێژی فەرماندەییەکە، کۆڵۆنێڵ بیل ئێربن ڕایگەیاند: بەمەبەستی پشتیوانیکردن لە ئاسایشی هێزەکانی هاوپەیمانی لە باکووری خۆرهەڵاتی سووریا، فەرماندەیی هێزەکانی ناوەندی ئەمەریکا فەرمانی کرد بە گرتنەبەری چەند هەنگاوێك. لەو چوارچێوەیەشدا بۆ زیادکردنی دەوریەی فڕۆکەی جەنگیی بەسەر هێزەکانی ئەمەریکا ڕاداری سێنتینێڵ و بۆ پشتیوانیش لە سەربازانی ئەمەریکا لە ناوچەی ئارامی سووریا زرێپۆشی جەنگی برادلی ڕەوانە کران.

فەرماندەیی هێزەکانی ناوەندی ئەمەریکا، بڵاوی کردەوە کە ڕاداری جۆری سێنتینێڵ و زرێپۆشی جۆری برادلیان ڕەوانەی باکووری خۆرهەڵاتی سووریا کردووە. لەو بارەیەوە، گوتەبێژی فەرماندەیی کە، کۆڵۆنێڵ بیل ئێربن ڕایگەیاند: بەمەبەستی پشتیوانیکردن لە ئاسایشی هێزەکانی هاوپەیمانی لە باکووری خۆرهەڵاتی سووریا، فەرماندەیی هێزەکانی ناوەندی ئەمەریکا فەرمانی کرد بە گرتنەبەری چەند هەنگاوێك. لەو چوارچێوەیەشدا بۆ زیادکردنی دەوریەی فڕۆکەی جەنگیی بەسەر هێزەکانی ئەمەریکا ڕاداری سێنتینێڵ و بۆ پشتیوانیش لە سەربازانی ئەمەریکا لە ناوچەی ئارامی سووریا زرێپۆشی جەنگی برادلی ڕەوانە کران.

کۆشکی سپی: پێنج وڵاتی دیکە بیر لە ئاساییکردنەوەی پەیوەندییەکانیان لەگەڵ ئیسرائیل دەکەنەوە

مۆساد: سعوودیەش خەریکە پەیوەندییەکانی لەگەڵ ئیسرائیل ئاسایی دەکاتەوە



کۆشکی سپی ئەمەریکا، بڵاوی کردەوە کە پێنج وڵاتی دیکە کە سیانیان لە خۆرهەڵاتی ناوەڕاست و دووانیان لە دەرەوەی ناوچەکەن زۆر نزیکن لەگەڵ ئیسرائیل پەیوەندییەکانیان ئاسایی بکەنەوە. سکرتێری سەرۆکی ئەمەریکا، دۆنالد ترەمپ. مارك میدۆوس کە بۆ کەمپینی هەڵبژاردنی ترەمپ سەردانی ویلایەتی ویسکۆنسنی کردبوو، بۆ ڕۆژنامەنووسان دووا و هەڵسەنگاندنی بۆ بابەتەکانی ڕۆژەڤ کرد. میدۆوس باسی لە گرنگیی ڕێککەوتنەکانی ئاساییکردنەوەی پەیوەندییەکان نێوان ئیمارات و بەحرەین کرد لەگەڵ ئیسرائیلدا و، ڕایگەیاند:پێنج وڵاتی دیکەش بە جددی بیر لە ئاساییکردنەوەی پەیوەندییەکانیان دەکەنەوە لەگەڵ ئیسرائیلدا، لەوانەش سیانیان لە ناوچەکەن و دووانیشیان لە دەرەوەی ناوچەکەن. بەڵام میدۆوس خۆی دزیەوە لە ناوهێنانی ئەو وڵاتانە.

لە لایەکی دیکەشەوە سەرۆکی دەزگای هەواڵگریی ئیسرائیل «Mossad» یۆسی کۆهین ڕایگەیاند کە دوای ئیمارات و بەحرێن بەم نزیکانە، سعوودیەش دەگاتە ڕێککەوتنی ئاساییکردنەوەی پەیوەندییەکان لەگەڵ ئیسرائیل. یۆسیی کۆهین بە تەلەڤیزیۆنی کەناڵ ١٢ی ئیسرائیلی ڕاگەیاند کە ئیسرائیل بە ڕێککەوتنەکەی لەگەڵ ئیمارات و بەحرێن بەستەڵەکی پەیوەندییەکانی لەگەڵ وڵاتانی عەرەبی تواندووەتەوە و گوتی: سعوودیەش خەریکە پەیوەندییەکانی لەگەڵ ئیسرائیل ئاسایی دەکاتەوە. سەرۆکی دەزگای هەواڵگریی ئیسرائیل بە خۆبواردن لە وەڵامدانەوەی ئەوەی کە ئایا لەگەڵ جێنشینی سعوودیە، شازادە محەمەد بن سەلمان دواوە، بە پێکەنینەوە گوتی: پێم باشە لەمبارەیەوە نەدوێم. یۆسیی کۆهین جەختی لەوەش کردەوە کە لە ڕێگای ئەو ڕێککەوتننامانەوە پەیوەندییەکان لەگەڵ ئەو وڵاتانە دەبێتە فەرمی کە ساڵانێکە بەنهێنی بوون.

وەزارەتی ئاوەدانکردنەوە: ئەمساڵ گرێبەستی دروستکردنی هێڵی شەمەندەفەر ئەنجامدەدرێت



بڕیارە هێڵی شەمەندەفەر لە هەرێمی کوردستان دروستبکرێت و هەموو شارەکان پێکەوە ببەسترێنەوە، گوتەبێژی وەزارەتی ئاوەدانکردنەوەش دەڵێ، ئەمساڵ گرێبەستەکەی ئەنجام دەدرێت. مەریوان مەلا حەسەن، گوتەبێژی وەزارەتی ئاوەدانکردنەوە، بە مالپەڕی فەرمیی پارتی دیموکراتی کوردستانی راگەیاند: هەوڵەکانی حکوومەت بۆ ئاسانکردنی ڕێگاکانی هاتوچۆ بەردەوامن و یەکێک لە پلانەکانی وەزارەت، جێبەجێکردنی هێڵی شەمەندەفەرە لە هەرێمی کوردستان کە بڕیارە ئەمساڵ قۆناغی یەکەمی جێبەجێبکرێت، ئەویش ئەنجامدانی گرێبەستە بۆ پڕۆژەی شەمەندەفەر لەهەرێمی کوردستان.

گوتەبێژی وەزارەتی ئاوەدانکردنەوە دەشڵێت: دروستکردنی هێڵی شەمەندەفەر، ئێستا کاری لەسەر دەکرێت و ئەمساڵ تەنیا گرێبەستەکەی واژۆ دەکرێت، بۆ ئەوەی بچێتە واری جێ بەجێکردن. مەریوان مەلا حەسەن زیاتر گوتی: هێڵی شەمەندەفەر لە سەرتاسەری هەرێمی کوردستان جێبەجێدەکرێت و هەموو شارەکان پێکەوە دەبەسترێنەوە، دوای تەواوبوونی پڕۆژەکە و کەوتنە کاری هێڵەکە، بێگومان سوودی ئێجگار زۆری دەبێت بۆ ئەوەی هاوواڵتیان بەنرخێکی هەرزان و شێوازێکی سەردەمیانە هاتووچۆ بکەن، ئەوە جگە لەوەی چەندین سوودی دیکەی هەیە وەک پاراستنی ژینگە.

بەڕێوەبەری گشتی ئاوەدانکردنەوە و ئاسانکاری هاتوچۆ بۆ ئەوەی هاوواڵتیان بەئاسانی بتوانن سەردانی شارەکان بکەن، ئاماژەی بەوەش دا کە ئەم هێڵە بەرزە دەبێتەوە بۆ ئاستی ٢٠٠ کم/سەعات، بەڵام بەهۆی ئەوەی ئێستا لە هەرێمی کوردستان هیچ هێڵێکی شەمەندەفەر نییە، بۆیە ناتوانرێت ئەو خێرایە بەکار بهێنرێت.

لە ساڵێکدا 412 پڕۆژەی ستراتیژی ئەنجامدراون



کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە ماوەی یەک ساڵی تەمەنیدا توانیویەتی ٤١٢ پڕۆژەی ستراتیژی لە هەر چوار پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان ئەنجامبدات. پشکی شێر لە جێبەجێکردنی پڕۆژەکان بەر پارێزگای سلێمانی و ئیدارە سەربەخۆکان کەوتووە، بەجۆرێک بە ڕێژەی لە ٤٠٪ی پڕۆژەکان لە سنووری پارێزگای سلێمانی ئەنجامدراون.

زاگرۆس فەتاح، بڕیکاری وەزیری پلاندانان بۆ K٢٤ ئاماژەی بە ئاماری یەک ساڵی تەمەنی کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان کرد لە سەرتاسەری هەرێمی کوردستان، داتاکان تایبەتن بەو پڕۆژە خزمەتگوزارییانەی حکومەت لە ماوەی یەک ساڵدا بە پارەی خۆی لەسەرجەم بواری جیاوازەکاندا جێبەجێیکردوون. بەپێی ئامارەکانی بەردەستی بڕیکاری وەزیری پلاندانان، لە سەرەتای دەستبەکاربوونی کابینەی نۆیەمەوە تا ئێستا ٤١٢ پڕۆژە لە هەر چوار پارێزگاکەی هەرێمی کوردستان ئەنجامدراون. بڕی تێچووی سەرجەم پڕۆژەکان ٢٠٧ ملیار دیناڕە.

دابەشکردنی پڕۆژەکان بەمجۆرن:
هەولێر: ١١٩ پڕۆژە ئەنجامدراوە و ٦٤ ملیار دیناریان تێچووە.
سلێمانی:٢٢٣ پڕۆژە ئەنجامدراون و تێچووی پڕۆژەکان ٨٢ ملیار دیناڕە.
دهۆک: ٣٥ پڕۆژەی لێ ئەنجامدراوە و ٥٢ ملیار دیناریان تێچووە.
هەڵەبجە:٣٥ پڕۆژە ئەنجامدراون و بڕی تێچووی پڕۆژەکان ٨ ملیار دیناڕە.
هەروەها ڕایگەیاند: زۆترین پڕۆژەکان لە پارێزگای سلێمانی ئەنجامدراون بە ٤٠٪ و هەولێر ٣١٪ و دهۆک ٢٥٪ و هەڵەبجە ٤٪.
شوان کەریم، ئەندامی لێژنەی ئاوەدانکردنەوە و وەبەرهێنان لە پەرلەمانی کوردستان گوتی: ئەو پڕۆژانەی جێبەجێکراون ڕاستەوخۆ پەیوەندییان بە هاووڵاتییانەوە هەیە. پڕۆژەکان جیاوازن، چەندین بوار لە خۆدەگرن، وەک دروستکردن و نوژەنکردنەوەی ڕێگاوبانەکان و دروستکردنی ژمارەیەک بەنداو، نەخۆشخانە و وێستگەکانی کارەبا بەبێ جیاوازی لە هەر چوار پارێزگاکەی هەرێمی کوردستان.

بەرپرسی لقی 16:

بەکارهێنانی سۆشیال میدیا بەشێوەیەکی ئەرێنی هەنگاوێکە بۆ گەیشتن بە ئامانجەکان



وەک هەنگاوێک بۆ زیاتر گرنگیدان بە ڕۆڵی سۆشیال میدیا لە پێشخستنی کۆمەڵگا و خستنەڕووی ڕاستییەکان و هۆشیارکردنەوەی تاکەکانی کۆمەڵگاکەمان بە ئامانجی زیاتر خزمەتکردنی چین و توێژە جیاجیاکان، بڵند ئیسماعیل بەرپرسی لقی ١٦ ی هەولێری پارتی دیموکراتی کوردستان بە ئامادەبوونی حوسێن حسک کارگێڕی لق پێشوازیی کرد لە ژمارەیەک لاوی چالاکی بواری سۆشیال میدیای پارتی دیموکراتی کوردستان کە لەماوەی ڕابردوودا ڕۆڵی گرنگیان بینیوە لە ئاراستەکردنی هاونیشتمانیان بۆ زیاتر پێشخستن و پاراستنی ئەزموونەکەمان و خزمەتکردنی تەواوی هاوڵاتیانی کوردستان بەبێ جیاوازی . لەسەرەتای کۆبوونەوەکەدا بەرپرسی لقی ١٦ ڕۆشنایی خستەسەر ڕۆڵی گرنگی سۆشیال میدیا لە بنیادنانی تاک و گەیاندنی ڕووداوو پێشهاتەکان و کاروچالاکی و خزمەتگوزارییەکان بەهاونیشتمانیان وەکو خۆی لەپێناو ئاشناکردنیان بەراستی ڕووداوەکان و دوورخستنەوەیان لەکاری چەواشەکارانەی هەندێک کەس و گروپ و لایەن کە دەیانەوێت ئەم بواره بۆ بەرژەوەندی تەسکی خۆیان بەکاربهێنن و لەڕێگەیەوە خەڵکی نیشتمانەکەمان بەلاڕێدا ببەن، بۆیە ئەرکی ئێوەیە وەک لاوان و چالاکانی بواری سۆشیال میدیا هەوڵەکانتان زیاتر چڕ بکەنەوە بۆ خستنەڕووی ڕووداوەکان بەشێوەیەکی زانستیانەو ڕاست و ڕەوان چونکە بەکارهێنانی سۆشیال میدیا بەشێوەیەکی ئەرێنی هەنگاوێکە بۆ بەدیهێنان و گەیشتن بەئامانجەکان و سود بینین لەکات.

دواتر چالاکانی بواری سۆشیال چەندین سەرنج و پێشنیارو داواکاریشیان خستەڕوو بۆ ئەوەی گفتوگۆی لەسەر بکرێت و لەداهاتوودا بتوانن لەڕێگەی کارو چالاکییکانیانەوە خزمەتی زیاتر و باشتر بەهاوڵاتیان و نیشتمان و نەتەوەکەمان بکەن .

دەست بەسەر بڕە پارەیەکی ساختەدا گیرا

لە ڕواندز گرووپێک دەستگیرکران، کە پارەی ساختەیان پێبووە و بڕە پارەیەکیشیان لە بازاڕەکانی کوردستاندا ساغکردووەتەوە. دوێنێ شەممە ٢٠٢٠/٩/١٩، ئاسایشی ڕواندز لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەنووسیدا ڕایگەیاند، ئەو گرووپەی دەستگیر کراون سێ کەسن و یەکێک لەوانە تۆمەتباری سەرەکییە، ئەو تۆمەتبارانە بڕی ١٠ هەزار دۆلاری ئەمریکی و بڕێک پارەی ساختەکراوی عێراقیشیان پێ بووە. ئاماژە بەوەش درا، کە ئەو پارەیەی ساختە کراوە، لە دەرەوەی وڵات هاورده کراوە و هۆشداری بە هاونیشتمانیانیش درا، کە بەشێکی ئەو پارانە زۆر ورد ساختە کراون و لەگەڵ پارەی ئۆرجینالدا بە زەحمەت لێک جیا دەکرێنەوە. باس لەوەش کرا کە ئەو کەسانە بەشێکی پارە ساختەکانیان لە هەولێر و شەقڵاوە و خەلیفان بۆ کڕینی هەندێ کەلوپەل ساغ کردووەتەوە.



دژە تیرۆری کوردستان دەستگیرکردنی چوار تۆمەتباری لە هەولێر ڕاگەیاند

دژە تیرۆری کوردستان لە ڕاگەیندراوێکدا ڕایگەیاند: لە دریژەی هەوڵی بنبڕکردنی دیاردەی هەر کارێکی نایاسایی و قاچاغ، لە هەفتەی ڕابردوو چوار کەس لەلایەن بەڕێوەبەرایەتی ئاسایشی هەولێر دەستگیر کران وەک لە خوارەوە ئاماژە بە ناوەکانیان و وردەکارییەکان دراوە:
١-لە شەوی (١٠ لەسەر ١١-٩-٢٠٢٠)، کەسێک بەناوی (ئیبراهیم سەردار حەسەن) - دانیشتووی شاری هەولێر - گەڕەکی مامزاوە کە کاری کڕین و فرۆشتنی هێلکە دەکا دەستگیرکرا بە تۆمەتی هەوڵی هێنانە ناوەوەی بڕی (٨٤) کارتۆن هێلکەی قاچاغ بۆ شاری هەولێر لە ڕێگای بازگەی هیران/ شەقڵاوە بە ئۆتۆمبێلی جۆری بارهەڵگر ژمارە (١٩٢٧٧١/هەولێر).
٢-لە ڕێکەوتی (١٣-٩-٢٠٢٠)، کەسێک بەناوی (ئارام عەونی کەریم) - دانیشتووی شاری هەولێر - گەڕەکی ژیان - پیشە/ پۆلیس دەستگیرکرا بە تۆمەتی هەوڵی هێنانە ناوەی بڕی (٧) کیسەی گەورەی کڕێم و مەرهەمی کۆزماتیکی قاچاغ و ماوە بەسەرچوو بۆ شاری هەولێر لە ڕێگای بازگەی دێگەڵە.
٣-لە ڕێکەوتی (١٤-٩-٢٠٢٠)، دوو کەس لەلایەن بەڕێوەبەرایەتی ئاسایشی هەولێر دەستگیر کران بە تۆمەتی کاری قاچاغچێیتی چەک بەناوەکانی:
أ- (مستەفا سەعید محەمەد حەمەد ئەمین)، ناسراو بە حاجی هەرووتی - دانیشتووی هەولێر- گەڕەکی هەولێری نوێ - لە ماڵەکەیدا دەستگیرا بەسەر ١٢٥٠ دانە دەمانچەی تورکی قاچاغ.
ب- (سەلاح بەهرام تاهیر حەسەن)، دانیشتووی هەولێر - گەڕەکی کورانی ڕێگای مەخموور - پێشە/ پێشمەرگەی خانەنشینی یەکەی (٧٠)، لە ماڵەکەیدا دەستگیرا بەسەر ١٠ دانە دەمانچەی تورکی قاچاغ.
ئێمە وەک دژە تیرۆری کورستان دووپاتی دەکەینەوە کە بە هاوبەشی لەگەڵ بەڕێوەبەرایەتییەکانی ئاسایش لە چاودێریکردن و بەشوێنداچوونی دیاردەی هێنانی دەرمان و خۆراکی قاچاغ و ماوەبەسەرچوو و هەر کارێکی نایاسایی کە زیان بە تەندروستی هاوواڵتیانی هەرێمی کوردستان و ئابووری و ئارامیی هەرێم بگەیەنێ بەردەوام دەبین و هەموو ڕێوشوێنێکی یاسایی دەگرینەبەر بۆ بنبڕکردنی ئەم دیاردەیە.

مازن محەمەد: نزیکەی 50 پڕۆژە بۆ ئاکرێ پێشنیازکراون



لە دریژەی جێبەجێکردنی پڕۆژەکانی حکوومەتی هەرێمی کوردستان بڕیارە کاروانی ئاوەدانی قەزای ئاکرێش بگرێتەوە و قایمقامی ئاکرێ دەڵێت، نزیکەی ٥٠ پڕۆژە بۆ جێبەجێکردن پێشکەش بە سەرۆکایەتیی ئەنجومەنی وەزیران کراون.

مازن محەمەد، قایمقامی ئاکرێ، بە مالپەڕی فەرمیی پارتی دیموکراتی کوردستانی ڕاگەیاند: ساڵانی ڕابردوو چەندین پڕۆژە لە بواره جیاوازەکان لە سنووری قەزای ئاکرێ جێبەجێ کراون، بەڵام بەهۆی قەیرانی دارایی و نەبوونی بودجە و دواتر بڵاوبوونەوەی ڤایرۆسی کۆرۆناوە وەک پێویست نەمانتوانیوە خزمەتی هاوواڵتیان بکەین، بەڵام هەموو هەوڵەکان بۆ ئەوەن زۆرترین پڕۆژە لە سنووری قەزای ئاکرێ بکەونە بواری جێبەجێکردنەوە.

قایمقامی ئاکرێ دەڵێت: نزیکەی ٥٠ پڕۆژە ئامادەکراون و پێشکەش بە سەرۆکایەتیی ئەنجوومەنی وەزیران دەکرێن بۆ ئەوەی ڕەزامەندییان لەسەر بدرێت بۆ جێبەجێکردن و پارەی بۆ خەرج بکرێت.

مازن محەمەد ڕوونی کردەوە: ئەو پڕۆژانەی پێشکەشی سەرۆکایەتیی ئەنجومەنی وەزیران کراون بۆ جێبەجێکردن، پڕۆژەی ڕێگاوبان و ئاو و کارەبا و شارەوانی لەخۆ دەگرن کە ئێمە دڵنیاین هاوشێوەی قەزاکانی دیکە ڕەزامەندی لەسەر ژمارەیەکی بەرچاوی ئەو پڕۆژانە بۆ قەزای ئاکرێ، وەک قەزایەکی ستراتیژی و مێژوویی، دەدرێت.

سلێمانی... دەست بەسەر بڕێکی زۆر دەرمانی نایاساییدا دەگیرێت



لەشکرحەمید، سەرۆکی لێژنە هاوبەشەکانی قائیمقامیەتی سلێمانی ڕایگەیاند: لەسەر زانیاری بەڕێوەبەرایەتی ئاسایشی سلێمانی بەشی دامودوزگا، لێژنەکانی قائیمقامیەت دەستیان بەسەر بڕێکی زۆر دەرمانی جۆرۆاوجۆری نایاساییدا گرتووە کەبەشێوەی نایاسایی لە وڵاتی ئێرانەوە هاوردە کراوە.

وتیشی: پاش وەرگرتنی ڕەزامەندی دادوەر بۆ چونە ماڵەکە و پشکنین، دەرکەوت بڕێکی زۆر دەرمان بەشێوەی نایاسایی هاوردە کراوە و لەو ماڵەوە بەسەر کریارەکاندا دابەشدەکرێت، دەرمانەکانیش لە (زیاد کردن و کەمکردنەوەی کێش، بەهێزکردنی جەستە، نەخۆشییە دەرونیەکان، ڤیتامین C و نەخشیە دژی‌ژەهرەکان) پێکهاتبون. ڕاشیگەیاند: پێویستە لەکاتی هاوردەکردنی دەرمان، لەلایەن کوالێتی کۆنترۆڵی دەرمانی هەرێمەوە پشکنینی بۆ بکرێت و وەزارەتی تەندروستی ستیکەری تایبەت بە مامەڵەکردن دەدات لەو دەرمانانە، پاشان ڕێگە بە بەکاربهێنانی دەدرێت، بەڵام ئەم دەرمانانەی دەستی بەسەردا گیراوە پشکنینی بۆ نەکراوە و هەروەها شێوازی عەمبارکردنی گونجاو نییە و لە پلەی گەرمی بەرزدا دانرابون.

لەشکر حەمید، سەرۆکی لێژنەکانی قائیمقامیەتی سلێمانی وتی: بەسوپاسەوە هەمیشە دەزگا ئەمنیەکان و ئاسایش و لیوای یەکی پاراستنی سلێمانی هاوکاری تەواوی لێژنەکانی قائیمقامیەت دەکەن بەپێدانی زانیاری و پشتیوانی لێژنەکان بە دانانی ئەندامانی هێزەکانیان لەکاتی سەردان و بەسەرکردنەوەکانیان بۆ دوکان و بازاڕ و شوێنە گشتیەکان.

ئاماژەی بۆئەوشکرد: بەفەرمانی قائیمقامی سلێمانی، دەست بەسەر تەواوی دەرمانەکاندا گیراوە و لەلایەن لێژنەی تایبەتەوە لەناو دەبرێت و خاوەنەکەشی ڕوبەڕوی ڕێکاری یاسایی دەکرێتەوە.

مانگی داهاتوو بەردی بناغەی ناوچەی پیشەسازیی هەولێر دادەنرێت



بەڕێوەبەری گشتیی وەبەرهێنانی هەولێر ڕایگەیاند، مانگی داهاتوو لەسەر ڕووبەری ٤٠٠٠ دۆنم ناوچەیەکی پیشەسازی لە شاری هەولێر مۆڵەتی دامەزراندنی پێ دەدرێت.

سامان عارەب بە ماڵپەڕی فەرمیی پارتی دیموکراتی کوردستانی ڕاگەیاند: وەك وڵاتانی جیهان لە هەرێمی کوردستانیش دەست کراوە بە دامەزراندنی ناوچەی پیشەسازی کە تەواوی ئەو مۆڵەتانەی دراون بە کارگە و ئەو پرۆژانەی وەبەرهێنان بۆ بەرهەمهێنانی بابەتە سەرەکییەکان و خواردەمەنی لە یەك ناوچەی پیشەسازی جێگایان دەکرێتەوە کە بە هەزاران هەلیکار دەڕخسێنێت.

ئاماژەی بەوەش دا: لە مانگی داهاتوو بەردی بناغەی ناوچەی پیشەسازیی هەولێر دادەنرێت کە دەکەوێتە نێوان هەولێر و خەبات کە پێشتریش لە ماستەرپلانی شاری هەولێر جێگای بۆ کرابووەوە و باشیی شوێنەکەش لەوەدایە کە لە ئاو نزیکە و بۆنیشی بەسەر هەولێردا نایەت.

بەڕێوەبەری گشتیی وەبەرهێنانی هەولێر ئاماژەی بەوەش دا: هەر پرۆژەیەکی وەبەرهێنان کە وەك کارگەی پیشەسازی مۆڵەتی پێدەدرێت، دەبێت لەو ناوچەیە دروست بکرێت، پرۆژەکەش لەلایەن پەرەپێدەرێکەوە دروست دەکرێت و دیزاینی بۆ دەکرێت. گوتیشی: پرۆژەکە جگە لە ڕەخساندنی سەدان هەلیکار سوودی گشتیشی دەبێت وەك بابەتی بەرهەمهێنانی خۆراك و پاراستنی ئاسایشی خۆراك.

200 هەزار گەشتیار سەردانی سەیرانگەکانی سنووری هەولێریان کردووە



نەریمان فازڵ بەڕێوەبەری ڕاگەیاندنی بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی گەشتوگوزاری هەولێر بە (باسنیوز)ی ڕاگەیاند: دوای هەڵگرتنی قەدەغەی هاتوچۆی نێوان پارێزگاکان و سووککردنی ڕێکارەکانی خۆپارێزی لە پەتای کۆرۆنا، ژمارەیەکی زۆر گەشتیار بە تایبەت لە پارێزگاکانی ناوەڕاست و خواروو عێراقەوە سەردانی ناوچە گەشتیاریەکانی سنووری پارێزگای هەولێریان کردووە.

ڕاشیگەیاند: لە ماوەی کەمتر لە مانگێکدا، لە ٢٠ی ئابەوە تا ١٥ی ئەیلوول، نزیکەی ٢٠٠ هەزار گەشتیار ڕوویان لە سەیرانگا و هاوینە هەواڕەکان کردووە، بەم هۆیەشەوە کەرتی گەشتیاریی جوولەیەکی زۆری تێکەوتووە و زۆربەی زۆری هۆتێل و میوانخانە و چێشتخانەکان پڕ بوون لە گەشتیار. ئاماژەی بەوەش کرد: تیمی بەڕێوەبەرایەتیی گەشتوگوزاری هەولێر لە بازگەکانەوە ڕێنمایی گەشتیاران دەکەن و کارناسانیان بۆ دەکەن، ئەمەش لە ڕێگەی پێدانی بروشور و پۆستەری تایبەت و دانانی ڕێبەری گەشتیاری لە ناوچە گەشتیارییەکان.



وەزارەتی کشتوکاڵ لەسەر سووتاندنی دارستانەوبەرەکانی تاسڵوجە هاتە دەنگ

وتەبێژی وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو ڕاگەیەندراوێکی لەبارەی سووتاندنی دارستانەوبەرەکانی نزیك شەقامی سەرەکی سلێمانی بڵاوکردۆتەوە، ئەمەش دەقەکەیەتی:

لەچەند ڕۆژی ڕابردوو ڤیدیۆ سوتانی دارستانەوبەرەکانی نزیك شەقامی سەرەکی سلێمانی تاسڵوجە بڵاو کرایەوە، لەسەر ڕاسپاردەی بەڕێز وەزیری کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو بەدواداچوونی ورد کرا لەسەر ئەم بابەتە و لێرەدا دەمەوێت بیخەمەڕوو.

یەکەم_ پێشتر چەندین جار هەوڵدراوە ئەم ناوچەیە بکرێت بە پارۆژە، بەڵام وەزارەتمان لاری نەبوونی نەداوە، چونکە ئەم دارستانەوبەرانە، سیمایەکی جوان و ژینگەیان بەخشیوەتە ئەم ناوچەیە، بۆیە ناکرێت درەخت ببڕدرێت بۆ ئەوەی لە شوێنەکەی پرۆژە بکرێت.

دووەم_ ئەم دارستانەوبەرانە بەری رەنج و ماندووبوونی دەیان ساڵی فەرمانبەرانی دارستانە.

سێ یەم_ لەئێستادا ئەم دار سنەوبەرانە(ئەم ناوچەیە) کەوتۆتە ناو سنوری شارەوانی تاسڵوجە و ڕاپەڕین.

چوارەم_لەگەڵ ئەوەی ئەم بابەتە لەچەند ڕۆژی ڕابردوو ڕوویداوە، بەڵام بەڕێوەبەرایەتی گشتی کشتوکاڵی سلێمانی و بەڕێوەبەرایەتی گشتی باخداری و دارستان و پاوان لەگەڵ لایەنە پەیوەندارەکان لە بەدواداچوونی بەردەوامدان، بۆ دیاریکردنی هۆکارەکان و گرتنە بەری ڕێککاری پێویست.

پێنجەم_ وەزارەتمان پرۆژەی بۆ پاراستنی دارستانەکان ئامادەکردووە، لە ئێستادا لە قۆناغی پەسندکردنە بۆ ئەوەی بەشێوەیەکی سەردەمیانە دارستانەکان لە سوتان و لەناو چوون بپارێزرێن.

وەك وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو سوپاسی هەوڵ و ماندووبوونی خەمخۆران و چالاکانی ژینگە دەکەین کە لەڕێگەی خۆیان هەوڵ بۆ پاراستنی ئەم درەختانە و سەرجەم دارستانەکان دەدەن، پێویستە بکەرانی دەست نیشان بکرێن و سزای یاسایی خۆیان وەربگرن، ئێمەش لە چوارچێوەی پەیوەندیداریان هاوکار و بەردەوام دەبین بۆ پاراستنیان.

حسێن حەمە کەریم
وتەبێژی وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو

ڕێگای نێوان دهۆك و مووسڵ چاکدەکرێتەوە

ئەندازیار مەعسووم ئیبراهیم، بەڕێوەبەری گشتیی ڕێگاوبانی دهۆك بە ماڵپەڕی فەرمیی پارتی دیموکراتی کوردستانی ڕاگەیاند: لەسەر ئەرکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان و بەگوژمەی ٩٧ ملیۆن دینار سیانەیەکی خێرا بۆ ڕێگای سەرەکیی دهۆك-مووسڵ دەکرێت، کە کێشەی بەشێکی زۆری ڕێگاکە چارەسەر دەکات، بەڵام کۆتایی بە کێشەی ڕێگاکە ناهێنێت و ڕێگاکە پێویستی بە دووبارە قیرتاوکردنەوە هەیە. گوتیشی: ڕێگا سەرەکییەکە زۆر تێکچووە و پێویستی بە دووبارە قیرتاوکردنەوە هەیە، چونکە ڕێگایەکی سەرەکی و بازرگانییە لە نێوان شارەکاندا، بۆیە دەرخستەمان بۆ کردووە بۆ ئەوەی دووبارە قیرتاو بکرێتەوە و بەگوێرەی دەرخستەکەش ڕێگاکە پێویستی بە زیاتر لە دوو ملیار دینارە، ئێمە دەرخستەکەمان داوەتە پارێزگای دهۆك بۆ ئەوەی ئەوانیش بیدەن بە پارێزگای مووسڵ بۆ ئەوەی دووبارە قیرتاو بکرێتەوە، چونکە ڕێگاکە هاوبەشە لە نێوان هەردوو شاردا و هاتوچۆیەکی زۆزانەی زۆری لە سەرە.

چوار تیم سەرقاڵی پرۆژەی نۆژەنکردنەوەی ڕێگەی سەرەکیی حاجی ئۆمەرانن



ئەندازیار خوسرەت سادق دری، بەرپرسی کەرتی ٤ی پاراستن و ڕێگاوبانی سۆران، بە (باسنیوز)ی ڕاگەیاند: چاککردنەوە و قیرتاوکردنی ڕێگای سەرەکیی نێودەوڵەتیی حاجی ئۆمەران، پرۆژەیەکی گرینگ و ستراتیژییە و ئێستا دەست بە کارەکانی کراوە و لەڕێگەی چوار تیمەوە پرۆژەکە بەڕێوە دەچێت.

بەرپرسی کەرتی ٤ی پاراستن و ڕێگاوبانی سۆران، ئەوەشی ئاشکرا کرد: گوژمەی تەرخانکراوی پرۆژەکە بریتییە لە یەك یەك ملیار دینار، پرۆژەکە بە درێژای زیاتر لە ١٥ کیلۆمەتر، لەگەڵ قیرتاوکردنی زیاتر لە ٩ کیلۆمەتر و دانانی شۆستە و هەندێك خزمەتگوزاریی پێویست لەڕووی هاتوچۆوە. هەروەها ئەوەشی خستە ڕوو: پرۆژەکە بە سەرپەرشتیی کەرتەکەمان و ئەندازیاران و ستافی شارەزا بە شێوەی خێرا بەڕێوە دەچێت.

پرسەنامە

بەناوی خودای بەخشندە و میهرەبان
بەڕێزان، خانەوادەی مامۆستا مەلا ئەحمەد گەرۆتە،
بەدڵگرانیەکی زۆرەوە هەواڵی کۆچی دوایی کەسایەتی ئایینی و کۆمەڵایەتی دیاری خۆشناوەتی و شاری هەولێر(مامۆستا مەلا ئەحمەد گەرۆتە)مان پێگەیشت. پرسە و سەرەخۆشی ئاراستەی خانەوادە بەڕێز و نیشتیمانپەروەکەتان و خزم و دۆست و ئاشنایانتان دەکەین، خۆمان بە هاوبەشی خەمتان دەزانین. لە خودای گەورە داواکارین خوالێخۆشبوو مامۆستا مەلا ئەحمەد گەرۆتە بەر ڕەحمەتی خۆی بخات و بە بەهەشتی بەرینی شاد بکات، دڵنەوایی و ئارامی بە ئێوە و کەسوکارتان ببەخشێت.

.....

بەڕێز، کاک جەلیلە خڕە،
بەداخێکی زۆرەوە هەواڵی کۆچی دوایی دایکی بەڕێزتان خاتوو(حەپسە سلێمان جاسەنەیی)مان پێگەیشت. سەرەخۆشی لە خانەوادە بەڕێز و نیشتیمانپەروەرەکەتان دەکەین، خۆمان بەهاوبەشی خەمی ئێوە و خزم و دۆست و ئاشنایانتان دەزانین. لە خودای گەورە داواکارین گیانی دایکی خوالێخۆشبووتانبەر ڕەحمەتی خۆی بخات و بە بەهەشتی خۆی شاد بکات و ئۆقرەیی و دڵنەوایی بەهەموو لایەک ببەخشێت.

.....

بەڕێزان، خانەوادەی جەمال تۆفیق،
بەداخێکی زۆرەوە هەواڵی کۆچی دوایی کاک(جەمال تۆفیق)مان پێگەیشت. پرسە و سەرەخۆشی لە خانەوادە بەڕێز و نیشتیمانپەروەرەکەتان دەکەین، خۆمان بەهاوبەشی خەمی ئێوە و خزم و دۆست و ئاشنایانتان دەزانین. لە خودای گەورە داواکارین گیانی دایکی خوالێخۆشبووتان بەر ڕەحمەتی خۆی بخات و بە بەهەشتی خۆی شاد بکات و ئۆقرەیی و دڵنەوایی بە ئێوە و کەسوکارتان ببەخشێت.

.....

بەڕێز، دلۆڤان مەلا عەبدولکەریم سۆفی عەبدوڵڵا
بەداخێکی زۆرەوە هەواڵی کۆچی دوایی پێشمەرگەی هەردوو شۆڕشی ئەیلوول و گوڵان و هەڵگری مەدالیای بارزانی (مەلا عەبدولکەریم سۆفی عەبدوڵڵا) مان پێگەیشت. بەم بۆنە خەمناکەوە پرسە و سەرەخۆشی ئاراستەی بەڕێزتان و خانەوادە کوردپەروەکەتان و خزم و دۆست و ئاشنایانتان دەکەین، خۆمان بە هاوبەشی خەمتان دەزانین. لە خودای دلۆڤان داواکارین گیانی خوالێخۆشبوو مەلا عەبدولکەریم سۆفی عەبدوڵڵا بەر ڕەحمەتی خۆی بخات و بە بەهەشتی خۆی شاد بکات و ئۆقرەیی و دڵنەوایی بە ئێوە و کەسوکارتان ببەخشێت.

.....

بەڕێزان؛ عەبدولعەزیز تەیب و موئەیەد تەیب،
بەدڵگرانیەکی زۆرەوە هەواڵی کۆچی دوایی کاک(محەمەد تەیب)بۆ بەڕێزتانمان پێگەیشت. پرسە و سەرەخۆشی ئاراستەی ئێوە و خانەوادە بەڕێزەکەتان و خزم و دۆستانتان دەکەین. خۆمان بەهاوبەشی خەمتان دەزانین. لە خودای دلۆڤان داواکارین گیانی بۆ خوالێخۆشبووتان بەر ڕەحمەتی خۆی بخات و بە بەهەشتی بەرینی شاد بکات و ئۆقرەیی و ئارامی بە ئێوە و کەسوکارتان ببەخشێت.

.....

بەڕێز، مامۆستا تالب حمەئەمین سێوسێنانی،
بەدڵگرانیەکی زۆرەوە هەواڵی کۆچی دوایی خاتوو(ئەسمەر فەهمی عەبدولقادر) هاوژینی بەڕێزتانمان پێگەیشت. پرسە و سەرەخۆشی ئاراستەی بەڕێزتان و خانەوادە و خزم و کەسوکارتان دەکەین، خۆمان بەهاوبەشی خەمتان دەزانین. لە خودای گەورە داواکارین گیانی هاوژینی خوالێخۆشبووتان بەر ڕەحمەتی خۆی بخات و بە بەهەشتی بەرینی شاد بکات، ئۆقرەیی و ئارامی بە ئێوە و کەسوکارتان ببەخشێت.

.....

بەڕێز، کاك ئەسعەد کرداری،
بەدڵگرانیەکی زۆرەوە هەواڵی کۆچی دوایی خاتوو(کافیە محەمەد ساڵح) هاوژینی پێشمەرگەی شۆڕشی ئەیلوول(ئەحمەد کرداری) و دایکی بەڕێزتانمان پێگەیشت. پرسە و سەرەخۆشی ئاراستەی بەڕێزتان و خانەوادە نیشتیمانپەروەرکەتان و خزم و دۆست و ئاشنایانتان دەکەین، خۆمان بە هاوبەشی خەمتان دەزانین. لەخودای مەزن داواکارین گیانی دایکی خوالێخۆشبووتان بەر ڕەحمەتی خۆی بخات و بە بەهەشتی بەرینی شاد بکات، دڵنەوایی و ئارامیش بە ئێوە و خزم و کەسوکارتان ببەخشێت.

انا لله وانا الیه راجعون

بارەگای بارزانی

بەڕێز کاک عەزیز ڕەشید هەریری

بەداخەوە هەواڵی کۆچی دوایی مامۆستای زانکۆ (گۆران عزیز)ی کوڕی بەڕێزتانمان پێگەیشت، بەم بۆنە خەمناکەوە بەناوی سەرنووسەر و ڕۆژنامەنووس و کارمەندانی ڕۆژنامەکەمانەوە، سەرەخۆشیتان لێ دەکەین. بەداخەوە لەکاتێکدا ئەم بروسکە ماتەمینییەتان ئاراستە دەکەین، ئێوەش لە نەخۆشخانە لەژێر چاودێری چڕ دان، هیوای سەلامەتیتان بۆ دەخوازین. لە خوای گەورە داواکارین مامۆستا گۆران بە بەهەشت شاد بکات و سەبووری و ئارامی بە خانەوادە و کەسوکار ببەخشێت و دوا ناخۆشیتان بێت.

انا لله و انا الیه راجعون

منداڵان قوربانی جیابوونەوەن



ئەگەر منداڵەکە کاردانەوەی نەبوو لە کاتی ڕوودانی کێشەکانی نێوان دایک و باوک، ئەوە مانای ئەوە نییە کە ئەو کێشەی نییە

ڕێباز نەجات *

زۆرێک لە دایکان و باوکان نیگەرانن لە کاریگەرییە نەرێنیەکانی تەڵاق لەسەر منداڵەکانیان . پێویستە دایکان و باوکان بزانن یەکەم قوربانی تەڵاق منداڵەکانیانن ، بەڵام ئەمڕۆ ئەم بابەتە بە تەواوەتی پێچەوانە بۆتەوە بەهۆی کێشەکانی ژیانەوە.

لەم دۆخەی ئێستادا دایک وباوکان دەبێت بەهەموو تواناکانیاوە ناکۆکیەکانیان کەمبکەنەوە لەم دۆخەدا نابێت منداڵەکە لە پرۆسەی چارەسەرکردنی کێشەی دایک و باوکدا بێت. لە پرەنسیپدا ، بوونی کێشە یان ناکۆکی نێوان دایک و باوک نابێت کاریگەری لەسەر ژیانی منداڵەکە هەبێت لەروی دەروونی و جەستەییەوە. چونکە منداڵان لە تەمەنێکی زوودا لە گرژی نێوان دایک و باوکیاندا ئاگادارن. لە زۆربەی حاڵەتەکاندا ڕەفتاری دایک و باوک بەرامبەر منداڵەکان درۆست نییە ، چونکە دایک و باوک پێیان وایە کە منداڵەکان لە دۆخی ژیان تێناگەن و بە ئاسانی و بە بەرچاوی منداڵەکانەوە ڕەفتار دەکەن بۆیە منداڵەکە ڕەفتاری دایک و باوک دوبارە دەکاتەوە .

پێویستە دایکان و باوکان بزانن ڕەفتاری منداڵەکانیان چۆن دەبێت لە کاتی خۆیدا. ئەگەر منداڵەکە لەناو خێزانەکەدا شایەتی شەڕو تووندوتیژی دایک و باوکی بدات بەرامبەر یەکتری ، بەشێوەیەکی سروشتی ئەو جۆرە کاردانەوەی لەنێو ڕەفتاری منداڵەکە دروست دەبێت. لە زۆربەی حاڵەتەکاندا ، ئەم منداڵانە ئاوتاکانیان بەشێوەیەکی تووندوتیژ بەسەر ئەوانی تردا دەخوازن. لەبەر ئەوە ، هەندێک جار دایک و باوک ، بەبێ ئەوەی بزانن کە ڕەفتاری خۆیان منداڵەکانیان بۆ خراپەکاری و پەروەردەیی دەبەن . بۆ نموونە ، منداڵەکان لە خێزانێکدا کە دایک و باوکەکان مناقەشە لەگەڵ یەکتر دەکەن بەشێوەیەکی سروشتی ڕەفتاری تووندو تیژی بەکاردەهێنن بۆ گەیشتن بە ئارەزووەکانیان .

ئەمڕۆ لە کۆمەڵگادا چەندین ڕەفتار دە گۆزارێنەوە بۆ منداڵان. بۆ نموونە ، شەڕکردن یەکێکە لە کێشە سەرەکیەکان لە ژیانی مرۆڤدا ، بەتایبەتی هاوسەران. لەم دۆخەدا پێشنیار دەکرێت کە کێشەکان و نەفرەتی و تووندو تیژی جەستەیی بەرامبەر منداڵان ڕەتبکرێنەوە وە دایک و باوک ئاگاداری گرنگی منداڵان بن و بزانن هەر ڕەفتار و کاردانەوەیەک کاریگەری لەسەر داهاتوی منداڵ دەبێت بۆیە دەبێت بە هوشیاری ڕەفتاربکەن وە بەپێی پێویست دایکان و باوکان فێری چارەسەر کردنی کێشە و کارامەییەکان بن لە کۆنترۆلکردنی تووڕەیی و دابینکردنی چارەسەرێکی گونجاو ، لە ژینگەی خێزانداِ ئەگەر منداڵەکە کاردانەوەی نەبوو لە کاتی ڕوودانی کێشەکانی نێوان دایک و باوکیدا ، ئەوە مانای ئەوە نییە کە ئەو کێشەی نییە ، بەڵکو منداڵەکە هەست بە شەڕ دەکات و نیگەران دەبێت. لە زۆربەی حاڵەتەکاندا ، گەورە و دایک و باوک دەتوانن پێکەوە بژین دوای موناقەشەکردن و تەنانەت لەبیرکردنی ئەو جۆرە کێشانە ، بەڵام ئەو جۆرە ڕەفتارانە لەگەڵ منداڵ بەردەوام دەبێت توشی ناڕامی جەستەیی و دەروونی و هەستی سۆزداریی دەبێت. ئەو جۆرە ڕەفتارانە زۆرترین کاریگەری لەسەر منداڵ دەبێت.

هەروەها ، وێرانترین کاریگەری تەڵاق لەسەر منداڵ ئەوەیە کە دایک و باوک لە لای خۆیان یەکتر سووک دەکەن. لەم کاتانەدا منداڵ هەست دەکات کە دەبێت لایەنگری یەکێک لە دایک و باوکەکان بگرێت ، ئەمەش ئەستەمە بۆ ئەوان. منداڵەکان ، لەلایەکی تردە ، پێیانوایە ئەگەرلایەنگری هەردوکیان نەگرێت ، ئەوا هەردووکیان لەدەست دەدات. منداڵ لەڕاستیدا لە دۆخێکی سەختدایە .

چۆن مامەڵە لەگەڵ منداڵانی خاوەن تەڵاق بکەین ؟

یەکێک لە کارە گونجاوەکانی خێزان ئەوەیە کە پێویستە ڕێکخستن و ڕێکخستنەوەی خێزانەکە لەلایەن دایکوباوکێکی ئەرێنیەوە ڕێکبخرێت بە شێوەیەکی باش پەروەردە بکرێن. لەڕاستیدا دروستکردن و گەشەسەندنی منداڵ لەناو خێزانداِ بە دڵنیاییەوە پیوەستە بە دایک و باوکیەوە. ئەگەر یەکێک لە دایک و باوکەکان لە چوارچێوەی ژیانیان لابرێت بەهۆی جیابوونەوە ، ئەوا هاوسەنگی گەشەی منداڵ و گەورەبوونی لەدەست دەچێت. بۆ منداڵانی تەڵاق ، نەبوونی دایک و باوک زۆر ڕوونە. لەم دۆخەدا بەشێک لە پەروەردەی منداڵ ناتەواو ناتەندرۆستە بەهۆی نەبوونی یەکێک لە دایک و باوکەکانەوە ، چونکە هەر دایک و باوکێک پێویستە ڕۆڵێکی گرنگ بگێڕێت لە ژیانی منداڵەکەدا .

لە هەندێک حاڵەتدا دایک و باوکان منداڵەکانیان تۆشی دەردە سەری دەکەن بە تاوانبارکردنی یەکتریان. لە زۆربەی حاڵەتەکاندا جیابوونەوەی دایک و باوک پێشنیار هیچ ناکرێت بۆ بژێوی ژیانی منداڵ ؛ بەردەوام ژیان دۆخێکی ڕەخنەگرانە بۆ دایک و باوک و منداڵ دروست دەکات ، ئەمەش کاریگەرییەکی دووجار لەسەریان دەبێت .

ئەگەر گەورەکان ئاگاداری گرنگی ڕۆڵەکانیان بن لە ژیانیدا ، ئەوا بەدڵنیاییەوە بە ئاسانی تەڵاق هەڵنابژێرن .

. لەڕاستیدا نەبوونی هۆشیاری لەنێوان دایکان و باوکان سەبارەت بە پێداویستیەکانی منداڵبوون و داواکردنەکانی دەبێتە هۆی ئەوەی بە ئاسانی تەڵاق هەڵبژێرن . بەهەرحاڵ . دایکان و باوکان دەبێت بە ویژدانەوە بڕیارەکانی ژیان بدەن پێش ئەوەی هاوسەرگیری بکەن.

لە کۆمەڵگای کوردیدا کێشەکان تەڵاق کۆتایی نایەت . جا بەم لێکدانەوە تەڵاق کۆتایی ژیان نیە لە هەندێ خێزان دایک و باوک دوای جیابوونەوە منداڵەکە بەجێدەهێڵن لەم دۆخەدا منداڵەکە ڕووبەڕووی داهاتوویەکی نادیار دەبێتەوە. خێزانەکان منداڵەکەیان بە داپیرەوە جێدەهێڵن یان خزم. هەرێک لەم حاڵەتانە چەندین کاردانەوەی خراپیان هەیە بۆ منداڵەکە. پێویستە دایکان و باوکان پێش بڕیاری جیاکردنەوە ئەم کێشانە چارەسەر بکەن ، بەڵام سەیرکردنی ئاماری فەرمی وڵات لەسەر ڕێژەی تەڵاق لەزۆربوندایە ،بەرزبونەوەی ڕێژەی تەڵاق لە وڵاتەکاندا بە چەندین مەرج و کورتکراوەییەوە ڕێکدەکەون. بە داخەوە ، کاریگەری ئەو جۆرە بڕیارانە بەبێ ڕێکخستن دەکرێت کێشە بۆ هاوسەران و منداڵەکانیان و کۆمەڵگاکەیان دروست بکەن .

*ڕاهێنەری گەشەپێدانی مرۆیی



یەکێتی مامۆستایانی کوردستان خوێندنی ئەلیکترۆنی ڕەت دەکاتەوەو داوادەکات خوێندن لە ناو هۆڵەکان بەڕێوەبچێت

خەبات / ڕۆژنا عەلی

یەکێتی مامۆستایانی کوردستان خوێندنی ئەلیکترۆنی ڕەتدەکاتەوەو داوا دەکات لەناو هۆڵەکانی خوێندنداِ خوێندنی ئاسایی دەست پێبکاتەوە ، ڕۆژی پێنج شەممە 17-9-2020 یەکێتی مامۆستایانی کوردستان 35 هەمین کۆبوونەوەی تەنفیزی خۆی سازکرد. دوای کۆبوونەوەکەش لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانیدا هەریەک لە عەبدولواحید محەمەد سەرۆکی یەکێتی مامۆستایانی کوردستان و ئەحمەد سابیر جێگری سەرۆکی یەکێتی مامۆستایان ئاماژەیان بە دەسپێکردنەوەی ساڵی نوێی خوێندنی 2020-2021 کرد، سەرەتا عەبدولواحید محەمەد ئاماژەی بەوەدا کە ئەوان پێشتریش بەیاننامەیان دەرکردووە لەسەر دەسپێکی ساڵی نوێی خوێندن و ئەو بڕیارانەشی وەزارەتی پەروەردە دەریکردوون بەشێکی پێشنیارەکانی ئەوانن ، **هەروەها سەرۆکی یەکێتی مامۆستایانی کوردستان لەو کۆنگرەیەدا لەبارەی هۆکاری ڕەتکردنەوەی خوێندنی ئەلیکترۆنی وتی :** خوێندنی ئەلیکترۆنی پەروەردەیی نییەو تەنها فێرکردنە بەمجۆرەش بە تەواوی پەروەردەکردن فەرامۆش دەکرێت، هەروەها ئەماژەی بەوەش دا ئەو پرۆسەیە سەرکەوتو نابێت و تەنها کات دەکوژێت و خەرجیەکی زۆریشی دەوێت ، لەبارەی بڕیارەکانی وەزارەتی پەروەردە بچڕ پچڕەو ئەو بڕیارە پچڕپچڕانە خزمەتی پرۆسەی پەروەردە ناکات و ئەو پرۆسەیە سەرکەوتو نابێت تەنها کات دەکوژێت ڕەنگە لێکەوتەی خراپیشی لێ بکەوێتەوەو باشترین بژاردە لە لایەن مەکتەبی تەنفیزیەوە سیستەمی بە گروپ و سێ ڕۆژ بە ڕۆژ دەوامکردنە ، سەرۆکی یەکێتی مامۆستایان هەر لە کۆنگرەکەدا ئاماژەی بەوەدا کە داوایان لە وەزارەتی پەروەردە کردووە کە پێداچوونەوە بۆ بڕیارەکانی بکات و چاو بەبەشە وانەو پڕۆگرامەکاندا بخشێنرێتەوەو خۆپاڕێزی تەواو ئەنجامبدرێت ڕێوشوێنی پێویست بۆ ئەم قۆناغە بگیرێتە بەر و ئاساییە ئەگەر پرۆسەکە هەندێک دوابکەوێت ، بەڵام بە پوختەیی بەڕێوەبچێت .

سەرۆکی یەکێتی مامۆستایانی کوردستان لە بارەی مووچەی مامۆستایانیش لەو کۆنگرەیەدا وتی : ئەمڕۆ 36 ڕۆژە مووچە دراوە و بەڵام دیار نییە مووچەی ئەم مانگە کەی دەدرێت مامۆستایان لەم دۆخە نیگەرانن و ئەگەر زەمینەی خوێندنیش لەبار بێت ، بەڵام مووچەی مامۆستایان نەدرێت ڕەنگە کێشە بۆ پرۆسەی خوێندن دروستبکات بۆیە داوای لە حکومەتی هەرێمی کوردستان کرد خەمی جدی لە مووچەی مامۆستایان بخوات و لە کاتی خۆی مووچە دابەش بکرێت .

شایانی وتنە پێشتریش یەکێتی مامۆستایانی کوردستان دەربارەی دەسپێکی ساڵی نوێی خوێندن کۆمەڵێک پێشنیازیان ئامادە کردبوو کە تیایدا داوایانکردبوو پرۆسەی خوێندن بە خۆپاڕێزی تەواو لە ناو هۆڵەکانی خوێندن ئەنجامبدرێت و سیستەمی خوێندنی تێکەڵ و ئەلیکترۆنی جێبەجێبکرێت و قوتابیانی پۆلێک دابەشی دوو گروپ بکرێن و سێ ڕۆژ بە سێ ڕۆژ دەوام بکرێت .



با ستەم لە قوتابیان نەکەین



سەدیق سەعید ڕواندزی *

بە هۆی ئەو بارو دۆخە تەندروستییەی ساڵی ڕابردووی خوێندن، تێی کەوت بە هۆی ڤایرۆسی کۆرۆناوە، تەنها وەرزی یەکەمی خوێندن خوێندراو ئەزموونەکانیش تەنها لەو وەرزە کران. بێگومان هەر لە سەرەتاوە و لە چەندین بۆنەداِ، وەزیری پەروەردە وەک خەمخۆرێکی قوتابیان، جەختی لەوە کردەوە کە خوێندنی قوتابیان نافەوتێت. دیارە ئەمەش لە سۆنگەی خەمخۆری و بە تەنگەوە هاتنی قوتابیان و کەس و کارەکەیانە.بە تایبەتیش کە زۆربەی خێزانەکان، زیاد لە منداڵێکییان قوتابییە و ئەمەش خەرجی دەوێت. تەنانەت بۆ یەکەم جار قوتابیانی پۆلی نۆیەمی بنەڕەتیش لە ئەزموونی نیشتمانی بەخشران،کە ئەمە گەورەترین و دڵسۆزترین بە تەنگەوە هاتنی وەزارەتی پەروەردە و خودی بەڕێز وەزیری پەروەردەش بوو. کەچی بە داخەوە پێ دەچێت بەشێک لە قوتابخانە و مامۆستایان،گیانی هاوکارییکردنی قوتابییان و مرۆڤدۆستییان تێدا نەبێت و یان هەر کەم بێت، بۆیە بەلایانەوە ئاساییە کە لەو بارودۆخە نەخوازراوەداِ، قوتابییان لە سەرچەند نمرەیەک،یاخود وانەیەک بهێڵنەوە و بەلاشیانەوە ئاساییبێت. تۆ بڵێی ئەم جۆرە مامۆستایانە، لە وەزیری پەروەردە خەمخۆرترو دڵسۆزتر بن بۆ قوتابییان؟ گومان دەکەم.چی تیایە ئەگەر وەک بە خشینێکی گشتیش بێت، ئەمساڵ هاوکاری قوتابییان بکرێت. بۆ نموونە: لە قوتابخانەیەکی سەنتەری شاری ڕواندز، لە کۆی بیست و هەفت قوتابی پۆلی نۆیەمی بنەڕەتی، تەنها شەش قوتابی ماونەتەوە و دەرنەچوونە. واتا بیست و یەک قوتابی دەرچووە. نەدەکرا ئەگەر ئەو قوتابیانە گریان ئاستیان زۆر خراپیش بێت، بەڵام دەرچوێنرابان؟ تۆبڵێی ئەزموونی وەرزی قوتابخانە، لە ئەزموونی نیشتمانی گرنگتر بێت،کە وەزیر قوتابیانی لەو تاقیکردنەوەیە بەخشی؟چ دادەپەروەرییەک لەوە دایە تەنها شەش قوتای دەرنەچن تەنانەت ئەگەر ئاستییان زۆر خراپیش بێت؟کە بەڕێوەبەری قوتابخانەکەش داوای لە بەشێک لە مامۆستاکان کردووە، ڕەچاوی بارودۆخی ئەمساڵی خوێندن بکەن.ئەمە لە کاتێکدا ئەو قوتابیانەی ماونەتەوە،تیایاندایە باوکییان پێشمەرگەیە و بەشداری هەموو شەڕەکانی داعشیی کردووە و هەیانە سێ جار لە شەڕی داعش برینداِر بووە. تۆبڵێی مامۆستایەک ئەگەر لە بەر قوتابییەکەش نەبێت، لە بەر شکۆ و خەباتی باوکی قوتابییەکە وەک پێشمەرگەیەک، کەمێک سۆزو گیانی مرۆڤانە بنوێنێت و ستەم لە قوتابیان نەکات؟لە کاتێکداِ هەموومان دەزانین پێشمەرگە،چەند گەورە و پیرۆزو بە شکۆیە لای هەموومان و بە تایبەتیش لای وەزیری پەروەردە؟ هیوادارم بە شێوەیەک کار نەکەین، کەستەم لە قوتابی بکرێت، یاخود ئەگەر بارودۆخێکی نەخوازراو هاتە پێشەوە،ڕەچاوی ژیان و دۆخی قوتابییان نەکەین .

*مامۆستای قۆناعی بازنەی یەکەمی بنەڕەتی لە سنووری قەزای ڕواندز



رۆڵی سەرکەوتووانەی مەسرور بارزانی لە تێپەڕاندنی قەیرانەکاندا



وەیسی سەعید وەیسی

هەر لە سەرەتای دەستبەکاربوونییەوە، کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان، جێی ئومێدی هاوڵاتیان بووە، چونکە سەرەڕای چەندین بەربەست و ئاستەنگ و قەیران، بەڵام توانی بەسەر گشت تەنگەژەکان سەربکەوێت کە ئەمەش بە کردار سەلێمندرا.

لەماوەی چەند مانگی تەمەنی کابینەی نۆیەمدا سەرەڕای قەیرانەکان و بڵاوبوونەوەی پەتای کۆرۆنا کە لێکەوتەی نەرێنی ئابووری و تەندروستی بە دوای خۆی داهێنا، هەرچەندە ئەم دۆخە نەخوازراوەش لەدەرەوەی خواست و ویست و دەسەڵاتی حکومەتی هەرێمی کوردستان بوو ، بەڵام مەسرور بارزانی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان، هەموو هەوڵێکی خستەگەڕ بۆ ئەوەی کاریگەرییە نەرێنییەکان لەسەر ژیان و گوزەرانی هاوڵاتیان سنووردارببێت و ئیدارەیەکی سەرکەوتووانەی ڕەوشەکە بدرێت، بەجۆرێك لە ماوەی چەند مانگێکدا دۆخەکە ئاسایی بکرێتەوەو مانگانەش بەپێی توانا کانی بەردەستی حکومەت، مووچەی فەرمانبەران بدرێت.

تەنانەت سەرەڕای ئەو قەیرانە سەختە ئابوورییە ، بەڵام کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان بەردەوام بوو لە ئەنجامدانی پڕۆژەی ستراتیژی لە سەرتاسەری هەرێمی کوردستاندا، لەوانە شەقامی 100 مەتری شاری سلێمانی، وێستگەی کاربای هەڵمی خەبات، ناوچەی پیشەسازی خۆراك لە دهۆك، ڕێگای خێرای نێوان هەولێر-دهۆك، شەقامی 150 مەتری شاری هەولێر، نەخۆشخانەی سەد قەرەوێلەیی کۆمەڵگەی هیتۆت لە ئامێدی، بەم نزیکانەش بڕیارە بەردی بناغەی ناوچەی پیشەسازی خۆراك لە پارێزگای هەڵەبجە دابنرێت.

هەروەها بە هۆی ئەو چاکسازی و ڕیکخستنەوەیەی لەم ماوەیەدا لە کەرتی کارەبادا کراوە، کاتژمێرەکانی پێدانی کارەبا بە هاوڵاتیان زۆر زیادی کردووە. ئەمەش یەکەمجارە لە وەرزەکانی هاوینداً، وەزارەتی کارەبا توانای هەبێت ئەوەندە کارەبای هەماهەنگی لە نێوان داموەزگاکانی حکوومەت بە شێوەیەکی مۆدێرن و هاوچەرخانە کە هەموو خەرجییەکانی ڕۆژانەی حکوومەت بە سیستمی ئۆنلاین ئەنجام دەدرێن. کەئەمەش شێوازێکی تازەی حوکمڕانییە لە هەرێمی کوردستان.

ئەمڕۆ لە ئەنجامی هەوڵە سەرکەوتووەکانی مەسرور بارزانی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە تێپەڕاندنی قەیرانەکاندا ، کەشێکی ئەرێنی و ئومێدبەخش هاتووەتە ئاراوە، کە چەند مانگێك لە مەوبەر هەندێك خەڵك و لایەن هەوڵی بێ ئومێدکردنی خەڵك و دروستکردنی پشێوی و نەمانی قەوارەی دەستووریی هەرێمی کوردستانیان دەدا، بەڵام خۆشبەختانە بە خۆڕاگریی خەڵکی کوردستان و دانایی سەرکردایەتی هەرێمی کوردستان و سەرۆکی حکوومەت بە تایبەت ئەو هەوڵانە تێکشکێنران و هەرێمی کوردستان بەرەو ڕۆژانی باشتر و گەشتر هەنگاو دەنێت.

کوا راستییەکان، ئەی راستی..؟!

وەڵامێک بۆ چەواشەکارییەکانی سەرنووسەری ئەلحەقیقە



شێرکۆ حەبیب

ڕۆژنامەی (ئەلحەقیقە) کە دووڕە لە هەموو ڕاستییەك هەواڵی و زانیاری نادروست بڵاودەکاتەوە، هەوڵی دووبەرەکی و بڵاوکردنەوەی جیاوازی و فیتنە لە نێوان عێراقییەکان دەدات، لە ژمارە 1760ڕۆژی 15ی ئەیلوول، بابەتێکی سەرنووسەری ڕۆژنامەکە لە ژێر ناونیشانی (حکوومەتی هەرێم داهاتی ناوەڕاست و باشوور لە گیرفانی کازمی دەدزێت) بڵاوکردۆتەوە.

بەرێز دەراجی سەرنووسەری (ئەلحەقیقە) هەڕوەك لە دونیایەکی دیکە دەژی هەوڵ دەدات ڕاستییەکان بە درۆ داپۆشێت، لە میانەی نووسینەکەی دەیەوێت تۆزی دووبەرەکی و تاڕاوە و جیاوازی لە نێوان هاوڵاتیانی عێراق بچێنێت، لەم وتارەدا ڕووخساری درق و کینەی بەرانبەر بە کورد و سەرکردەکانی بەتایبەتی خانەوادەی بەڕێزی بارزانی هەڵدەماڵێت، ئەگەرچی لە پێشتریش زۆر گوێبیستی ئەو وتانە بووین لەگەڵ ئەوەشدا کاروانەکە بەردەوامە.

دەراجی خانەوادەی بەڕێزی بارزانی بەدرۆ و زوڵم تاوانبار دەکات کەوا هۆکارن بۆ لادانی هاوڵاتی کورد لە ڕێڕەوەی نیشتمانپەروەری، بەڕێز دەراجی زۆربەش دەزانێ و شارەزایی هەیە لە نیشتمانپەروەری خانەوادەی بارزانی و خەبات و قوربانییەکانیان لە پێناو گەلی کورد، بەڵکو لە پێناو عێراقیش، ئەوانن داوای عێراقێکی دیموکراسی و یەکسانی و دادپەروەری کۆمەڵایەتی دەکەن و شۆڕشی ئەیلوولی مەزن بەرابەرایەتی باوکی ڕۆحی کورد جەنابی مەلا مستەفای بارزانی نەمر، باشترین بەڵگەیە کە ئەوە دەسەڵمێنێت کاتێك سەرجەم هاوڵاتیان بە عەرەب و کورد و نەتەوەکانی تر پەیوەندیان پێوەکرد، مێژووی خانەوادەی بارزانی مێژوویەکی پڕ لەسەروەرییە، ئەمەش ئاشکرایە بۆ دوژمن پێش دۆست، پێویستی بە شەهادەی بەڕێز دەراجی ناکات، چونکە ڕوونە چۆن هزر و مێشکی شوراوەتەوە لە لایەن ڕەگەزپەرەست و قین لە دڵەکانی دژبە خانەوادەی بارزانی، ئێ ئاشکراشە کە هیچ خانەوادەیەك یا ناوچەیەك دووچاری زوڵم و نادادپەروەری نەهاتوون وەك ئەوەی دووچاری ناوچەی بارزان و خانەوادەی بارزانی هاتووە، سەرەڕای ئەوەی سەرتاپای کوردستان دووچاری زوڵم و زۆرداری هاتووە و میللەتی کورد لە خانەوادەی بارزانی فێری بنەماکانی نیشتمان پەروەری و خەبات و بەرگری لە بنەماکانی کوردبوون و ڕێزی مرۆڤایەتی بوون.

نووسەر ئاماژەی بەوە کردوە کەوا بوونی عێراق لە لایەن تاکی کوردی تەنیا ئەوەیە حکوومەتی ناوەند پارە بنێرێت بۆ هەرێم! لێرەدا بە بەڕێز دەراجی دەڵێین، هاوڵاتی کورد شانازی بە عێراق دەکات وەك وڵات چونکە عێراق خاوەن مێژوو و شارستانیەتە تەنانەت هەرساتێك کوردستان سەربەخۆ بوو و بوو بەدەوڵەت شانازی دەکەین کەوا عێراقی بووین، بەڵام ئیمە شانازی بە دەسەڵات و حکوومەتەکان ناکەین کاتێك چەك و گازی کیمیاوی بەکارهێناوە و زیاتر لە 4500 گوند و لادێی سووتاندووین و هەزران کەسیشی لە ڕۆڵەکانی گەرمیان و بارزان و بادینان و کوردی فەیلی و ناوچەکانی تر ئەنفال کردووەو کیمیابارانی هەڵەبجە کردووە، ئەمە بەشی ئێمە بوو لە حکوومەتەکانی پێشووتری عێراق، چۆن داوا لە هاوڵاتیەکی سادەی کورد دەکەی ئینتمای بۆ دەسەڵاتی وڵاتێك هەبێت کە ئەو تاوانانەی دژی ئەنجامداوە و ئازادەییەکانی دەستبەسەر کردووە.

نووسەر ئەوەش باش دەزانێ کەوا سەردانەکەی بەڕێز کازمی و دیداری لەگەڵ جەنابی سەرۆك بارزانی، کەسانی شۆڤێنی نیگەران کردووە، چونکە سەردانێکی نیجابی بووەو سەرجەم خاڵە ناکۆکەکانی نێوان هەردوو لا باسیان لێوەکراوە و سەرجەم ئاڵۆزییەکان بەڕەو چارەسەربوون دەڕۆن.

نووسەر لەوە باش گەیشتووە و دەزانێ بۆچی مووچەی هەرێم لەکاتی خۆی دابەش ناکرێت کە هۆکارەکەی دەگەڕێتەوە بۆ نەناردنی بڕە بەشی بوودجەی دەستووریی هەرێم، لەگەڵ ئەوەشدا هەرێم لە زۆر ڕووەو پێشکەوتووترە لە ناوچەکانی دیکەی عێراق.

نووسەر لە هەوڵی داپۆشینی شکەستی هەندێ سیاسەتمەدارە کە نەیانتوانیووە خزمەتی هاوڵاتیانی ناوەڕاست و باشوور بکەن، ئەوە ئاشکرایە کەوا داهاتی ئەو ناوچە بەڕەو کوێ دەچێت، بەڕێز دەراجی پێویستە پرسیار لە خۆی بکات بە چ داهاتێك ڕۆژنامەکەی بەڕێوە دەبات؟ لە کوێ دەستی کەوتووە و سەرچاوەکەی چییە؟، ئایا لە داهاتی ناوەڕاست و باشوور نییە، کە لەهەوڵی دووبەرەکی و ئاژاوەنو بەو داهاتە، دواتر دەپرسێ ئایا توانرا دەسەڵاتی هەرێم بخاتە ژێر دەسەڵاتی بەغدا، لێرەدا پێی دەڵێین دەسەڵات چ لە بەغدا یا هەولێر لە ژێر کۆنترۆڵی دەستوورن، ئەو دەسەڵاتەی لە هەولێر دەسەڵاتێکە بەپێی دەستوور دامەزراوە و لە ژێر کۆنترۆڵی بەغدا نییە، بەڵام هەماهەنگی و هاوکاری لە نێوانیان هەیە و جگە لە هەندێك پرس و بابەت کە لەدەسەڵاتی ناوەندە.

باشتر بوو بەڕێز دەراجی پرسیار داهاتی ناوەڕاست و باشوور بکات، کە بەڕەو کوێ دەچێت، بەغدا سەردەمێك شاری زانست و زانیاری بوو ئێستا دڵت بۆی دەسووتێت، ئایا نووسەر دەزانێت کەوا شاری بەسرە دەوڵەمەندترین شاری جیهانەو ئاوی پاکی خواردنەوەی نییە..!؟

پێشهاتە سیاسییەکان و ئایندەی پەیوەندییەکانی ئەمەریکا و کورد



نووری بێخاڵی

دیالۆگی ستراتیژیی ئەمەریکی - عێراقی، شتێکی نوێ نییە لەناو فەرهەنگی سیاسیی ئەمەریکادا، بەڵکوو پێشتریش ئەمەریکا لەگەڵ هەر یەکە لە (تایوان، ژاپۆن و فلیپین) دیالۆگی هاوشێوەی کردووە و ئێستاش لەگەڵ (هیند) لەناو هەمان پرۆسەدایە.

ئەمەریکا لەم دیالۆگەیدا، لەسەر بنەمای ڕەچاوکردنی بەرژەوەندیی دوولایەنە، فرەڕەهەندی و بۆ درێژمەودا، مامەڵە لەگەڵ وڵاتاندا دەکات. واتە ئەم فۆرمە لە دیالۆگ کە سەقفێکی درێژخایەنی هەیە، ئەگەری ئەوەی هەیە ڕێککەوتنی سیاسی، ئابووری، سەربازی، هەواڵگری و تەنانەت کولتووریشی لێ بکەوێتەوە. پرسیاری سەرەکی لەو نێوەدا ئەوەیە: ئاخۆ هەرێمی کوردستان دەکەوێتە کوێی دیالۆگی ستراتیژی ئەمەریکی - عێراقی؟

بەر لەو دیالۆگە، ئەمەریکا و هەرێمی کوردستان هاوپەیانێتی و دۆستایەتیان هەبووە و پێشتریش هەرێم لەسەر نەخشەی سیاسەتەکانی ئەمەریکا لە عێراقدا، پێگەیەکی سەرەکی داگیر کردووە. جیاوازییەکەی ئێستا ئەوەیە، ئەمەریکا لە بەشداریی پێکردنی هەرێم لە دیالۆگەکەدا، دەیەوێ سروشتی ئەو پەیوەندییەی خۆی لەگەڵ هەرێم، بە جۆرێکی دیکە پێناسە بکاتەوە.

پەیوەندیی ئەمڕۆی هەرێمیش لەگەڵ ئەمەریکا، کە لە هەر کاتێکی تر باشترە، پەیوەستە بە کاریگەریی پێگەی هەرێم لە عێراق، هەروەها بە بەرژەوەندیی ئەمەریکا لە ناوچەکەدا. بە واتایەکی دیکە، باشتربوونی پەیوەندیی هەرێم و ئەمەریکا لەمڕۆدا، لەکاتێکدایە کە ئەمەریکا پرۆژەیەکی سیاسی بۆ عێراق و ناوچەکە هەیە، تا لە دوای کشاندنەوەی هێزەکانی، جێی خۆی بگرێت.

ئەمەریکا نایەوێ بە کشانەوەی هێزەکانی لە عێراقدا بۆشاییەك دروست بێت، کە ڕەنگدانەوەی نەرێنی بەسەر سەقامگیریی وڵاتەکە هەبێت. وەك چۆن ناشیەوێت دەریچەکانی دەستتێوەردانی هەرێمایەتیی لە عێراقدا زیاتر و ئاوەڵاتر بن و بەرژەوەندییەکانی بکەونە مەترسییەوە. بۆ ئەمەش دەبێ هاوسەنگیی هێز لە نێوان هەولێر و بەغدا پارێزراو بێت.


بەدەنگەوەهاتنی ئەمەریکا بۆ پێداگریی سەرۆکی هەرێم لەسەر بەشداریی هەرێمی کوردستان وەك قەوارەیەکی یاسایی و دەستووری لە دیالۆگی ستراتیژی ئەمەریکا - عێراق، ئاماژەیە بۆ ڕاستییێکی زۆر گرنگ، ئەویش پێویستیی ئەمەریکایە بە کورد. ئەم پێویستییەی ئەمەریکاش بۆ هەرێمی کوردستان، بە دیوێکدا گرێدراوی پاراستنی بەرژەوەندییەکانییەتی لە عێراق و ناوچەکەدا، کە لەسەر دوو ئاستدا خۆی دەبینێتەوە:

یەکەم: ئەمەریکا هەرێمێکی بەهێزی لەناو عێراقی فیدرالێدا دەوێت. پێشتریش و لەکاتی سەردانی سەرۆکی هەرێم بۆ بەغدا و دیداری لەگەڵ باڵیۆزخانەی ئەمەریکا، باڵیۆزی ئەمەریکا لە عێراق بە ڕاشکاوی و بە دەربڕینی "ئەمەریکا هەرێمی کوردستانی بەهێزی لە چوارچێوەی عێراقێکی فیدرالێدا دەوێت"، جەختی لەسەر هەڵوێستی وڵاتەکەی بەرامبەر هەرێم کردەوە. ئەم بابەتی بەهێزییەی هەرێمیش پەیوەستە بە گەڕاندنەوەی سەروەری بۆ عێراق. گێڕانەوەی ئەو سەروەریش واتە چارەسەرکردنی ڕیشەیی و دەستووریانەی کێشەکانی نێوان هەولێر و بەغدا، ئەمەش بەشێکە لە ئەجێندای ئەمەریکی و ئەوروپی.

دووەم: ئەمەریکا دەیەوێ لە دوای کشاندنەوەی هێزەکانی، لەوە دڵنیا بێت کە عێراق بە لاڕێدا ناچێت و لەناو هاوکێشەی مەلمانێکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، بەرەو ئاراستەیەك نارۆات کە دژی بەرژەوەندییەکانی ئەو بێت. بۆ ئەمەش پاراستن و مسۆگەرکردنی بەرژەوەندییەکانی هەرێمی کوردستانی بەلاوە گرنگە. لێدوانی ڕاشکاوانەی سالێك پێش ئێستای (جێمس جێفری)ی دیپلۆماتکاری ئەمەریکی لەبارەی چارەنووسی دیالۆگەکە و هەڵوێستی عێراق کە گوتی"دەبێ عێراق ئەوە بزانێت، ئەگەر پێیوابێت دوای دیالۆگەکە دەتوانێت بە لاڕێدا بچێت، ئەوا ئێمە هەولێرمان هەیە و دەچینە ئەوێ"، ئاماژەیەکی ڕوونە بۆ ئەو هاوبەرژەوەندییەی ئەمەریکا و هەرێمی کوردستان.

بە حوکمی پەیوەندییە باشەکانی لەگەڵ ئەمەریکییەکاندا، سەرۆك نێچیرڤان بارزانی ڕۆڵێکی بەرچاوی لەناو هاوکێشەکاندا بینیوە و دەبینێت. نیشاندانی ئامادەیی بۆ یارمەتیدانی سەرکەوتنی دیالۆگ لەپێناو گەشەکردن و پێشکەوتنی عێراق، بە مەرجی ئەوەی دەستوور ٪100 جێبەجێ بکرێت، هەروەها بڕوابوونی تەواوی بەوەی کە نابێت بە هیچ جۆرێك عێراق ببێتە پێخوستی هێزە هەرێمایەتی و جیهانیەکان، وای کردووە ئەمەریکا و وڵاتانی یەکێتیی ئەوروپاش، ئەم ڕۆڵەی بەرز بنرخێنن.

دوو ڕێککەوتننامەی پڕ لە تاوانکاری بەرانبەر بە کورد



سوورە مەرگەیی

ڕێککەوتننامەی سایکس بیکۆی نێوان بەریتانیا و فەرەنسا و ڕێککەوتننامەی جەزائیری نێوان ڕژێمی بەعس و شای ئێران، کە ئەوەی دووەم بە ڕەزامەندی و چاودێری ئەمەریکا بەسترا، دوو ڕێککەوتننامە بوون بۆ کورد دەیان نەهامەتی و کارەسات و دەرياپەك خوێنیان لێکەوتەوە، بەریتانیا و فەرەنسا و ئەمەریکاش بەرپرسی یەکەمن لە ڕوودانی هەموو ئەو نەهامەتی و کارەساتانەی بە ناهەق بەسەر کورد هێنران.

هەرچی ڕێککەوتننامەی سایکس بیکۆ بوو ڕێککەوتننامەی سیڤەری لەباربرد کە خەونی سەربەخۆیی باشووری کوردستانی تێدا جێکرابووەوە، ئەگەر ئەو خەونە لە باشوو بەدیهاتبا و کورد لەو بەشەی کوردستان بوو بایە خاوەنی دەوڵەتی خۆی، ئەوا باشوور دەبووە دەروازەیەك بۆ ڕووی بەشەکانی تری کوردستانیش، هەرچی ڕێککەوتننامەی جەزائیریش بوو گەورەترین شۆڕشی کوردی بە شێوەیەکی کاتی وەستاند و هێزیشی بەبەر ڕژێمی بەعسیشدا کردەوە.

کورد بە هۆی ئەو دوو ڕێککەوتننامانەوە ئەنفال کرا و دەیان هەزار ژن و پیاو و منداڵی لە بیابانەکان بە زیندوویی ژێر گڵ خران، گازی کیمیایی قەدەغە کراوی نێودەوڵەتی لەسەر تاقی کرایەوە، چوار هەزار و پێنج سەد شار و شارۆچکە و گوندی کاول کران، هێشتاش ئەو نەهامەتی و کارەساتانە لە باشوور و بەشەکانی تری کوردستانێش ڕۆژانە دووبارە دەبنەوە، ئەوەش بەریتانیا و فەرەنسا و ئەمەریکایان قەرزداری کورد و مرۆڤایەتی کردووە، ئەوەی شایانی باسە لە دوای ڕاپەڕینی ساڵی 1991 فەرەنسا بە پشتگیری لە کورد و دۆزە ڕەواکەی تا ئێستاشی لەگەڵ دابێ، خۆی لەو ئازارە دەروونیە ڕزگار کردووە و قەرزەکەی داوەتەوە، بەڵام بەریتانیا و ئەمەریکا تەنها بە پشتگیری لە سەربەخۆیی کوردستان دەتوانن قەرزی کورد بدەنەوە، لە کۆتاییشدا ڕوو لە حزب و لایەنەکانی هەر چوار بەشەکەی کوردستان دەکەم و پێیان دەڵێم: هەموو لایەك قەرزداری کوردن و تەنها بە کوردایەتی کردن دەتوانن خۆتان لە قەرزداری کورد ڕزگار بکەن.

وون بوون

مەنەفێست بەناوی کۆمپانیای شاوێس جۆری ئۆتۆمبێل بارهەڵگر جۆری مسیبوشی کانتر قەلاب مۆدێل ٢٠١٦ ژمارەی ئۆتۆمبێل ١٠٨٥٦ کاتی سڵێمانی وون بووە هەرکەسێك دۆزییەوە بیگەڕێنێتەوە شوێنی دەرچوونی.

***

وون بوون

پسوولەی (٣٧) لەسەرۆکاتی شارەوانی ڕزگارییەوە دەرچوە لە بەرواری (٢٠٢٠/٢/٢٦) بەناوی (عثمان حمە علی سلیمان) ژمارەی پسولە (٣٥١٠٩) بەبڕی (٥٥٠٠٠٠) تەنها پێنج سەد و پەنجاهەزار دینار ، وون بووە هەر کەس دۆزییەوە پەیوەندی بکات بەم ژمارە مۆبایلەوە ٠٧٧٠٢٤٤١٣٢٨.

***

وون بوون

پسوولەی شارەوانی ٤ هەولێر ژمارەی پسوولە ٠٦٨٤٠٦٥٥ بەرواری ٢٠١٨/٩/١٠ بەبڕی ٩٨٠٠٠٠ بەناوی محمد فقو محمد وون بووە هەرکەسێك دۆزییەوە بیگەڕێنێتەوە شوێنی دەرچوونی.

***

وون بوون

ناسنامەی سەندیکای ئەندازیارانی کوردستان لقی هەولێر ژمارەی ناسنامە/ ١٨٠٤٤ بەناوی گوڤند ابراهیم حامد وون بووە هەرکەسێك دۆزییەوە بیگەڕێنێتەوە شوێنی دەرچوونی.

***

وون بوون

ناسنامەی سەندیکای ئەندازیارانی کوردستان لقی هەولێر ژمارەی ناسنامە/ ٠٤٥٤٥ بەناوی دیلمان خلیل محمود وون بووە هەرکەسێك دۆزییەوە بیگەڕێنێتەوە شوێنی دەرچوونی.

***

وون بوون

پسوولەی شارەوانی ٥ هەولێر ژمارەی پسوولە ٠٥٢٧٧٩٥ بەروار ٢٠١٩/١١/٣ بەبڕی ٥٠٠٠٠٠ بەناوی بارزان حسین احمد وون بوون

ناسنامەی سەندیکای ئەندازیارانی کوردستان لقی هەولێر ژمارەی ناسنامە/ ١٨٠٤٤ بەناوی گوڤند ابراهیم حامد وون بووە هەرکەسێك دۆزییەوە بیگەڕێنێتەوە شوێنی دەرچوونی.

***

مديرية العامة للدوائر العدلية
دائرة كاتب عدل زاخو المسائي
العدد /١٥٦
التاريخ/ ٢٠٢٠/٩/١٥
اعلان
الى المنذر اليه / عثمان حسين كيرات ونهاري رشيد حسين
بناءا على الانذار المسير اليكم بموجب اضبارة الانذار المرقمة (٥٦٧٤/ السجل ٢٩) في ٢٠٢٠/٩/١٠ والمتضمن المطالبة بحضورك امام مديرية التسجيل العقاري في زاخو صباح يوم ٢٠٢٠/٩/٢٤ ولحين انتهاء الدوام الرسمي لغرض اتمام معاملة بيع العقار المرقم ٢٦٧٠/٣٢ مقاطعة ٩١ جوار زاخو والمشتراة من قبل المنذر (رجب محمد حسن) ولمجهولية اقامتكم حسب ما جاء باشعار مختار محلة وكتاب مركز شرطة دلال /٢٨٥٦ والمورخ في ٢٠٢٠/٩/١٤ عليه تقرر نشر تبليغكم في الصحيفة اليومية .
كاتب عدل زاخو المسائي
جيمن نوري ابو بكر

***

محكمة جنح قسروك
العدد/١٢٥/ج/٢٠٢٠
التاريخ/٢٠٢٠/٩/١٥
اعلان
الى المتهم الهارب
(هادي سليمان شويش) مجهول محل الاقامته قررت هذه المحكمة تعيين يوم (٢٠٢٠/١٠/١٩) موعدا لمحاكمه وفق أحكام المادة (٤٥٣) من قانون العقوبات ونظراً لمجهولية محل اقامتك تقرر تبليغك اعلانا بواسطة جريدتين محليتين بالحضور أمام هذه المحكمة وبعكسه سوف يتم اتخاذ الاجراءات القانونية بحقكما وفق الاصول
القاضي / لؤي فاخر نعمت

***

بەڕێوەبەرایەتی گشتی شارەوانیەکانی گەرمیان
سەرۆکایەتی شارەوانی ڕزگاری
هۆبەی هونەری
ژمارە: ٤١٠/٩٤٢
ڕێکەوت: ٢٠٢٠/٩/١٥
سەرۆکایەتی شارەوانی ڕزگاری ئاگاداری هەموو ئەو هاوڵاتیانە دەکاتەوە کە ساڵانی (١٩٨٧- ١٩٨٩) زەویان لە ناحیەی ڕزگاری (صمود) وەرگرتوە کە هاوڵاتی (گوڵە احمد فتاح) خاوەن زەوی ژمارەی هەوایی (١١٩١٢) داوای ڕێگا پێدانی کردوە بە مەبەستی دروست کردنی خانوو هەرهاوڵاتیەك گلدانەوەی لە سەرئەو پارچە زەویە هەیە لەماوەی (٣٠) ڕۆژدا لە دوای بڵاوکردنەوەی ئەم ئاگادارییە ئاگاداری سەرۆکایەتی شارەوانیان بکاتەوە بە پێچەوانەوە شارەوانیان کاری یاسایی بۆ ناوبراو دەکات .
ئەندازیار/ارسلان احمد محمد
سەرۆکی شارەوانی ڕزگاری

***

دادگای باری کەسی هەولێر/١
ژمارە: ٨٩٥/ش/١/٢٠٢٠
ڕێکەوت: ٢٠٢٠/٩/١٥
جاڕدان
بۆ/داوالێکراو (بەناز عبدالمناف عزیز) شوێنی دانیشتنت نادیارە
دادگا لە داوای ژمارە (٨٩٥/ش/١/٢٠٢٠) وە لە ڕێکەوتی (٢٠٢٠/٩/١٣) بڕیاریدا بە (تثبیت الحضانە) بۆ هاوسەرەکەت (نوزاد حسن ابوبکر) لەبەر ئەوەی شوێنی دانیشتنت نادیارە بەپێی ئیشعاری موختاری (گەڕەکی باداوە) لەشاری هەولێر بۆیە دادگا بڕیاریدا بە پێراگەیاندنت لە ڕێگای دوو ڕۆژنامەی ڕۆژانەی ناوخۆیی وە تۆ مافی ناڕەزایی و پێداچوونەوەت هەیە لەماوەی یاسایی (١٠) دە ڕۆژ لە ڕۆژی دوای بڵاوکردنەوەی ئەم جارِدانە، بە پێچەوانەوە بڕیارەکە پلەی بنبڕ وەردەگرێت.
دادوەری یەکەم/دیار محمد علی

***

دادگەها باری کەسایەتی ل زاخو
ژمارە / ٢٤٧ /ش/ ٢٠٢٠
ڕێکەوتی / ١٧ / ٩ / ٢٠٢٠
راگەهاندن
بو / داوالێکراو: حسن طاهر حسین
ئێ دادگەهێ بریاردا ل کێشا ژمارە (٢٤٧ /ش/٢٠٢٠) ل ڕۆژا (٢٠٢٠/٩/٧) ژێك ڤەبوونا دادی (تفریق قضائی) دناڤبەرا تە وداواکار (نور موسی احمد) ژبەر نەدیار بوونا جهێ ئاکنجیبوونا تە ول دیف دەقێ یاسایی کو پێتقیە ئاگەهداریا تە دەمێ دەرکەتنا بریاری زی ئاگەهداریا تە بێتە کرن ب ڕێکا دوو ڕۆژنامەیێت ڕۆژانە و تە مافێ نە رازیبونێ وێڕداچوونی یێ هەیی دماوەی یاساییدا و بەرۆڤاژیا ڤێ چەندێ بریار پلا بنەبر وەرگرت.
دادوەر / دارا طاهر توفیق

***

دادگەها باری کەسایەتی ل زاخو
ژمارە / ٢٤٦ / ش/ ٢٠٢٠
ڕێکەوتی / ١٧ / ٩ / ٢٠٢٠
راگەهاندن
بو / داوالێکراو : حسن طاهر حسین
ئێ دادگەهێ بریاردا ل کێشا ژمارە (٢٤٦ / ش/٢٠٢٠) ل ڕۆژا (٧ / ٩ / ٢٠٢٠) بو پیگیریا تە بو دانا خەرجێ بوری بو داواکاری (نور موسی احمد) کۆژمە (٨,٠٢٠,٠٠٠) هەر ژ ڕۆژا (٢٠١٤/١/١) تا ڕۆژا (٢٠٢٠/٩/٧) وپیگیریا تە بو دانا خەرجێ هەیڤانە بو کچا تە یا ناکام (مینا) کۆژمە هەیڤانە (١٠٠,٠٠٠) سەد هزار دینار ودەستیراندانا داواکاری بو وەرگرتنا وخەرجکرنا ڤێ کۆژمێ بوری بو کچا خو (مینا) و ژبەر نەیار بوونا جهێ ئاکنجیبوونا تە ول دیف دەقێ یاسایی کو پێتقیە ئاگەهداریا تە دەمێ دەرکەتنا بریاری زی ئاگەهداریا تە بێتە کرن ب ڕێکا دوو ڕۆژنامەیێت ڕۆژانە و تە مافێ نە رازیبونێ وێڕداچوونی یێ هەیی دماوەی یاساییدا و بەرۆڤاژیا ڤێ چەندێ بریار پلا بنەبر وەرگرت.
دادوەر/ دارا طاهر توفیق

***

بەڕێوەبەرایەتی جێبەجێکردنی/هەولێر
ژمارەی دۆسیە/٢٠١٩/٣٠٧٤
ڕێکەوت/٢٠٢٠/٩/١٩
جاڕدان
بەڕێوەبەرایەتی جێبەجێکردنی هەولێر

مولکی ژمارە ٢٦/٢٤٩ کە کەوتوەتە کەرتی ٩٤ باداوە دەفرۆشێت, خاوەنەکەی قەرزار جمعە قادر کریم کە گلدانەوەی خراوەتەوە سەر لەجیاتی قەرزی بێلان احمد انور بەبڕی/ ٩٥,١٩٥,٠٠٠ ملیۆن دینار هەرکەسێ ئارەزوومەند ١٥ پازدە ڕۆژ لە ڕۆژی دوای ئەم بڵاوکردنەوەیە لەگەل بارمتەی یاسایی کە ١٠٪ نرخە قرساوەکەیەتی ولاتنامەی عێراقی ئامادە بێت و پارەی تۆمارکردن و دەلالیش لەسەر کڕیارە.
جێبەجێکاری داد / ئاری فیصل دەباغ

١ – شوێن و ژمارەی/ هەولێر ٢٦/٢٤٩ ك ٩٤ باداوە
٢ – ڕەگەزو جۆری/ مولکی تەواو
٣ – سنوورو ئاگاداری/ هەر وەك لەنەخشەکەدا هاتووە
٤ – پێکهاتەکەی/ خانووی قەرزار دوو نهۆم دەستور سلێمانی نهۆمی یەکەم یەك ژوور هۆل مطبخ حمام مرافق خانووی دووەم وەك خانووی یەکەمە.
٥ – ڕووبەرەکەی/٢٥٠ م٢
٦ - پلەی ئاوەدانکاری/
٧- نیشتەجێکەی/ قەرزار خوودی خۆی تێدا نیشتە جێیە
٨ – نرخی قرساو/ ٩٨,٠٠٠,٠٠٠ ملیۆن دینار.

***

دادگەها باری کەسایەتی ل سێمێلێ
ژمارە/٣٨٦/ش/٢٠٢٠
ڕێکەفت/ ٢٠٢٠/٩/١٧
ئاگەهداری
بۆ داوالیکەراو (أندیر صالح احمد) جهی ئاکنجی بوونێ نەدیارە داواکار (شیلان ادیب عبدالله) رابویە ب داوا شەرعی ئەوا ژمارا وێ ل سەری دیارکری ل بەرامبەر ڤێ دادگەهێ تێدا داخزا ژێك جودابوون (تفریق للهجر) ژتە دکەت وژبەر کو جهێ ئاکنجی بوونا تە نەدیارە لدویف ئاگاداریا هەلبژیر ودەستەکا هەلبژارتنا قەزا زاخو کومەلگەها صلاح الدین تاخێ نصاری نێزیك بنگەهێ پولیێسن زاخو لەورا بریار هاتە دان ئاگەهدارکرنا تە بێتە کرن ل دوو ڕۆژنامەییەن ڕۆژانەییێ نافخوێ کو نامادەبێ ل بەرامبەر ڤێ دادگەهی ل دەمژمیر (١٠) سپیدەهیا ڕۆژا ٢٠٢٠/١٠/٢١ ول بەرۆڤاژی ڤی چەندێ دادبینی ل دەرهەقێ تەدا ب نەئامادەبی وئاشکرایێ هیتەکرن
دادوەر / زیرك محمد صدیق عبدالکریم

***

دادگەها کاروباری کەسایەتی قەسروك
ژمارە/١٢/م.ش/٢٠٢٠
ڕێکەفت/٢٠٢٠/٩/١٥
ئاگەهداری
بو/داوالێکراو (خدر سلیم حسین) ئامازە بە داوای بەرایی ژمارە (١٢/م.ش/٢٠٢٠) کە هاتیە تۆمارکرن لە لایەن داواکار (بیداء سلیمان حسین) تایبەتە بە دواکردنی ڕەچەلەکی منداڵەکانی (اثبات نسب) پێویستە ئەم ئاگەداریە بێتە بەلاوکردنەوە لە بەر ئەوەی شوێنێ ئاکنجیبونی داوالێکراو (خدر سلیم حسین) دیارە نەبو بۆیە ئەم دادگایە بریاری دا داوالێکراو بێتە ئاگەدارکردنەوە لە دوو ڕۆژنامەی ڕۆژانە ورۆژی یوکشەمە ٢٠٢٠/١٠/٤ هاتیە دیارکردن بۆ ڕۆژی دادبینی بۆیە خۆت یان نوینەری یاسایت ئامادەبن بە پێچەوانە دادبینی دەکرێت بە پاشەمڵە (غیابی) وڵە ئەنجام وێنەیەك لە بەلاوکراوەکە بۆمان ڕەوانە بکەن
دادوەر/ لؤی فاخر نعمت

***

بەڕێوەبەرایەتی گشتی تومارکردنی خانووبەرە
ڕێگەبەریا تومارکرنا خانووبەرە ل زاخو
جاردانی داواکاری سەرلەنوێ تومارکردنەوەی خانووبەرە
بەپێ ی ئەو داواکاری یەی ل بەرواری: ٢٠٢٠/٩/١٦، کە پێشکێش بەم فەرمانگایە کراوە
بۆ لە سەر نوێ تومارکردنی تەواوی خانووبەرەی ژمارە (٥٠/٣) کەرتی (١٦ خراب بابك)
بە ناوی (یوسف کلش قطاس) کە لە ژێر دەستی یەتی بۆ ماوەی یاسایی وەك خاوەنی وبەمەبەستی چەسپاندنی خاوەندارایەتی یەکەی بۆ ئەوەی بە پێ ی یاسایی تۆماژکردنی خانووبەری
ژمارە (٤٣) سالی ١٩٧١ تومار بکرێت . بریارماندا داواکاری یەکە بلاو بکرێتەوە ، جا هەرکەسێ پەیوەندی هەبێ یا مافێکی دیارکراوی هەبێ لە ماوەی (٣٠) ڕۆژ لە ڕۆژی دوای بلاوکردنەوەکە ، بەلگەو قەوالەی خوی پێشکێش بەم فەرمانگایە بکات ولە کات ژمێر (١٠) ی بەیانی ڕۆژی دوای کوتایی هاوەی ئەم بلاوکردنەوەیە لە شوێنی خانووبەرەکە ئامادەبێت بۆ سەلماندنی مافەکانی لە کاتی ئەنجامدانی ئەو نۆرینەکە لەو لەو ڕۆژی بۆ ئەم مەبەستە ئەنجام دەدرێ.
یونس محمد أحمد/ ریڤەبەر
٢٠٢٠/٩/١٦

***

ڕێقەبەریا گشتی یا باژێرڤانییا ل پارێزگەها دهوکێ بەشێ مولك و زەڤی و زار
ژمارە: ١٩/٣٠٠/١/١
ڕێکەفت: ٢٠٢٠/٩/١٥
ئاگەهداری
لدویڤ یاسا فروتن و کرێکرنا مولکێن دەولەتێ ژمارە ٣٢ یا سالا ١٩٨٦ و ئەو دەستورکارێن لسەر ڤی بابەتی هاتینە دان لێژنا فروتن و کرێکرنێ دوویێ ڕادگەهینیت کو سەرئیك زێدەکرنەکا ئاشکەرا یا هەی ژبو کرێدانا (کافیتیریا و جهێ بێهنڤەدانێ) لسەر پارچە ئەردێ ژمارە (٢٩١/ میدان) ب ڕووبەرێ (٣٠٠)م٢ بو ماوێ ٣ سێ سالا دخوازیت خو دگەل دابینکرنێ کو کێمتر نەبیت ژ ٢٠٪ ژبهایێ خەملاندنێ پێشکێشی سەروکاتیا باژێرڤانیا ئامێدیێ بکەت د ماوێ ٣٠ سیهێ ڕۆژا دا ژ بەلافکرنا ڤێ ئاگەهداریێ د ڕۆژنامێ دا و ئەڤ سەرئیك زێدەکرنە دێ هێتە کرن ل سەروکاتیا باژێرڤانی یا ئامێدیێ دەم ژمێر دوازدەی نیڤڕۆ و هەرکەسێ بو بکەڤیت دێ بهایێ ئاگەهداری یێ و هەمی خەرجێت بێتڤی دێ کەڤنە ستوێ وی.
ئەندازیار/ دیار بحری رسول
ڕێڤەبەرێ گشتی

***

ڕێڤەبەریا گشتی یا باژێرڤانییا ل پارێزگەها دهوکێ بەشێ مولك و زەڤی و زار
ژمارە: ٢٠/٣٠٠/١/١
ڕێکەفت: ٢٠٢٠/٩/١٥
ئاگەهداری
لدویڤ یاسا فروتن و کرێکرنا مولکێن دەولەتێ ژمارە ٣٢ یا سالا ١٩٨٦ و ئەو دەستورکارێن لسەر ڤی بابەتی هاتینە دان لێژنا فروتن و کرێکرنێ دوویێ ڕادگەهینیت کو سەرئیك زێدەکرنەکا ئاشکەرا یا هەی ژبو کرێدانا (کافیتیریا و جهێ بێهنڤەدانێ) لسەر پارچە ئەردێ ژمارە (٢٩١/ میدان) ب ڕووبەرێ (٣٠٠)م٢ بو ماوێ ٣ سێ سالا دخوازیت خو دگەل دابینکرنێ کو کێمتر نەبیت ژ ٢٠٪ ژبهایێ خەملاندنێ پێشکێشی سەروکاتیا باژێرڤانیا ئامێدیێ بکەت د ماوێ ٣٠ سیهێ ڕۆژا دا ژ بەلافکرنا ڤێ ئاگەهداریێ د ڕۆژنامێ دا و ئەڤ سەرئیك زێدەکرنە دێ هێتە کرن ل سەروکاتیا باژێرڤانی یا ئامێدیێ دەم ژمێر دوازدەی نیڤڕۆ و هەرکەسێ بو بکەڤیت دێ بهایێ ئاگەهداری یێ و هەمی خەرجێت بێتڤی دێ کەڤنە ستوێ وی.
ئەندازیار/ دیار بحری رسول
ڕێڤەبەرێ گشتی

***

ئاگاداری
وەزارەتی دارایی و ئابووری هەڵدەستێت بە دووبارە بەکرێ دانی ڕووبەری (٥٠)م٢ لەسەر پارچە زەوی ژمارە (١١١/١١) کەرتی (١٠٢) زاویتە/ دهۆك، بەمەبەستی دروست کردنی کۆشکی گەشتیاری بۆ ماوەی (٣) ساڵی تر بە زیاد کردنی ئاشکرا بە پێی یاسایی ٣٢ ساڵی ١٩٨٦ هەموارکراو ڕێنمایی دارایی ژمارە (٥) ی ساڵی ١٩٨٦ جا هەر کەسێك ئارەزووی بەشداری کردنی هەیە لە زیادکردنەکە سەر لە بەڕێوەبەرایەتی خانووبەرەی میری لە دهۆك بدات لە ماوەی (٣٠) ڕۆژ کە دەست پێ دەکات لە ڕۆژی دوای بڵاوکردنەوەی سەعات (١٠) ی سەر لە بەیانی بە مەرجێك بارمتەی یاسایی (٢٠٪) یەدەگی پێی بێت لەبری پارەی خەملێنراو گشت خەرجیەکانی بەکرێ دانیش لە ئەستۆی کرێچیە.
د. کمال طیب قادر
بەڕێوەبەری گشتی بەوەکالەت

***

ئاگاداری

ئاگاداری گشت لایەك دەکەینەوە کۆمپانیای کۆمپانیای (Qualitas) بۆ (خزمەتگوزاری کێڵگەکانی نەوت/سنوردار) بریاری پاکتاوکردنی کۆمپانیای داوە، بۆیە هەر کەسێك یان هەر لایەنێك مافێکی لەسەر کۆمپانیا هەیە با لە ماوەی یاسایی دا ئاگاداری پاکتاوکار بکاتەوە لە (پاریزگای هەولێر)

پاکتاوکار/ دانا خطاب عمر

ناونیشان/ گوندی انگلیزی

ژ. مۆبایل/ ٠٧٥٠٤٤٨٩١٤٨

بەڕێوەبەرایەتی گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان
بەڕێوەبەرایەتی بەدواداچوون و پشکنین
ژمارە: ٣٥٢٢
ڕێکەوت: ٢٠٢٠/٩/١٦
بڕیاری سرینەوەی کۆمپانیا سنووردار
دوای تەواو کردنی سەرجەم ڕێکارەکانی پاکتاوکردنی کۆمپانیای (هەریاد) بۆ (بازرگانی گشتی و بازرگانی بەروبوومی ئاژەڵی/ سنووردار) وە پالپشت بە ئەحکامی ماددەی ١٧٧ لەیاسای تۆمارکردنی کۆمپانیاکان ژمارە (٢١) ساڵی ١٩٩٧ هەموارکراو.
من تۆمارکاری کۆمپانیاکان بریارمدا بە سرینەوەی ناوی کۆمپانیای ناوبراوی سەرەوە لە تۆمارەکانمان بەمەرجێ ئەم بریارە بڵاوبکرێتەوە بەپێی ئەحکامی ماددەی (١٦٠) لەیاسای تۆمارکردنی کۆمپانیاکان ژمارە (٢١) ساڵی ١٩٩٧ی هەموارکراو.
أراس رؤوف عارف
بەڕێوەبەری گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان/ بەوەکالەت

بەڕێوەبەرایەتی گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان
بەڕێوەبەرایەتی بەدواداچوون و پشکنین
ژمارە: ٣٥٢١
ڕێکەوت: ٢٠٢٠/٩/١٦
بڕیاری سرینەوەی کۆمپانیا سنووردار
دوای تەواو کردنی سەرجەم ڕێکارەکانی پاکتاوکردنی کۆمپانیای (العلماء) بۆ (کاروبار و خزمەتگوزاری زانستی/ سنووردار) وە پالپشت بە ئەحکامی ماددەی ١٧٧ لەیاسای تۆمارکردنی کۆمپانیاکان ژمارە (٢١) ساڵی ١٩٩٧ هەموارکراو.
من تۆمارکاری کۆمپانیاکان بریارمدا بە سرینەوەی ناوی کۆمپانیای ناوبراوی سەرەوە لە تۆمارەکانمان بەمەرجێ ئەم بریارە بڵاوبکرێتەوە بەپێی ئەحکامی ماددەی (١٦٠) لەیاسای تۆمارکردنی کۆمپانیاکان ژمارە (٢١) ساڵی ١٩٩٧ی هەموارکراو.
أراس رؤوف عارف
بەڕێوەبەری گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان/ بەوەکالەت

بەڕێوەبەرایەتی گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان
بەڕێوەبەرایەتی پشکنین و بەدواداچوون
ژمارە: ٣٥١٩
ڕێکەوت: ٢٠٢٠/٩/١٦
بڕیاری سرینەوەی کۆمپانیا سنووردار
دوای تەواو کردنی سەرجەم ڕێکارەکانی پاکتاوکردنی کۆمپانیای (PIKARON) بۆ (بەڵێندەرایەتی گشتی/ سنووردار) وە پالپشت بە ئەحکامی ماددەی ١٧٧ لەیاسای تۆمارکردنی کۆمپانیاکان ژمارە (٢١) ساڵی ١٩٩٧ هەموارکراو.
من تۆمارکاری کۆمپانیاکان بریارمدا بە سرینەوەی ناوی کۆمپانیای ناوبراوی سەرەوە لە تۆمارەکانمان بەمەرجێ ئەم بریارە بڵاوبکرێتەوە بەپێی ئەحکامی ماددەی (١٦٠) لەیاسای تۆمارکردنی کۆمپانیاکان ژمارە (٢١) ساڵی ١٩٩٧ی هەموارکراو.
أراس رؤوف عارف
بەڕێوەبەری گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان/ بەوەکالەت

بەڕێوەبەرایەتی گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان
بەڕێوەبەرایەتی بەدواداچوون و پشکنین
ژمارە: ٣٥٢٠
ڕێکەوت: ٢٠٢٠/٩/١٦
بڕیاری سرینەوەی کۆمپانیا سنووردار
دوای تەواو کردنی سەرجەم ڕێکارەکانی پاکتاوکردنی کۆمپانیای (مصطفی فخری کریم خان) بۆ (دابەش کردنی کەل و پەلی خاوێن کەرەوە/ تاك) وە پالپشت بە ئەحکامی ماددەی ١٧٧ لەیاسای تۆمارکردنی کۆمپانیاکان ژمارە (٢١) ساڵی ١٩٩٧ هەموارکراو.
من تۆمارکاری کۆمپانیاکان بریارمدا بە سرینەوەی ناوی کۆمپانیای ناوبراوی سەرەوە لە تۆمارەکانمان بەمەرجێ ئەم بریارە بڵاوبکرێتەوە بەپێی ئەحکامی ماددەی (١٦٠) لەیاسای تۆمارکردنی کۆمپانیاکان ژمارە (٢١) ساڵی ١٩٩٧ی هەموارکراو.
أراس رؤوف عارف
بەڕێوەبەری گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان/ بەوەکالەت

بەڕێوەبەرایەتی گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان
بەڕێوەبەرایەتی بەدواداچوون و پشکنین
ژمارە: ٣٥٦١
ڕێکەوت: ٢٠٢٠/٩/١٧
بڕیاری داخستنی لقی (بیانی) کۆمپانیای
دوای تەواو کردنی ڕێکارەکانی پاکتاوکردنی لقی کۆمپانیای (سیروان ترابر ماد/ ذات مسؤولية المحدودة/ للنقل الدولی للبضائع و الخدمات ذات الصلة) (ئیرانی) وە پالپشت بە ماددەی ١٥ لە سیستەمی ژمارە (٥) سالی ١٩٨٩.
من وەك تۆمارکاری کۆمپانیاکان بریارمدا بەداخستنی لقی کۆمپانیای ناوبراو و سرینەوەی ناوی لە تۆماری تۆمارکاری کۆمپانیاکان.
أراس رؤوف عارف
بەڕێوەبەری گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان/ بەوەکالەت

پارێزگەها دهوکێ
کارگێریا خوجهی/ ڕێڤەبەریا گرێبەستان
ژمارە: ٩٦٣
ڕێکەفت: ٢٠٢٠/٩/١٠
ئاگەهداری
پارێزگەهـا دهوکـێ/ کارگێریـا خوجهـی رادگەهێنیـت بـو هەبوونـا سـەرئیك کێـم کرنـەکا نهێنـی بـو پـرۆژێ (چێکرنـا پـرۆژێ ئاڤـێ یـێ سـەرەکی بـو ناحیـا باتیفـا ژ سـەر ریبـاری خابیـری) (٢٤) CODE بهایـێ تەنـدەری ١,٠٠٠,٠٠٠ ئیـك ملیـون دینـار/ بـو کومپانییێن بیناسـازی پلـە (١) و دگـەل هەڤبەشـەکێ joint Venture.
ئـەڤ سـەرئێك کیـم کرنـە لدیـف ڕێنمایێـن جێبەجێکرنـا گرێبەسـتێن گشـتی یـا ژمـارە (٢) یـا سـالا (٢٠١٦) ب شـێوی ڤەکـری دهێتـە ئەنجـام دان بـو هەمـی کومپانییێن خـودان شیـان بـو ڤـی پـرۆژەی.
ئەڤجـا هـەر کومپانیـا بڤێـت پشـکداریێ بکـەت بـلا سـەرەدانا (کارگێریـا خوجهـی ل دیوانـا پارێزگەهـێ) بکـەت بـو وەرگرتنـا تەنـدەر و مـەرج و سـاخلەتێن تایبـەت ب کاری ڤـە و دیاهێـك ژڤـان بـو فروتنـا تەنـدەران ٢٠٢٠/١٠/١. بـو زانیـن سـەرئێك کێـم کـرن ل دیـف دەم و جهـێ دیارکـری دێ هێتـە ئەنجامـدان:
- ڕۆژ (ئێك شەمبی)
- ڕێکەفتی (٢٠٢٠/١٠/٤)
- دەم ژمێر (١٢ نیڤرو)
- جهـ: دیوانا پارێزگەهێ
عثمان یونس عثمان / جێگرێ پارێزگاریێ دهوکێ
***
پارێزگەها دهوکێ
کارگێریا خوجهی/ ڕێڤەبەریا گرێبەستان
ژمارە: ٩٦٤
ڕێکەفت: ٢٠٢٠/٩/١٠
ئاگەهداری
پارێزگەهـا دهوکـێ/ کارگێریـا خوجهـی رادگەهێنیـت بـو هەبوونـا سـەرئیك کێـم کرنـەکا نهێنـی بـو پـرۆژێ (چێکرنـا پـرۆژێ ئاڤـێ یـێ سـەرەکی بـو ناحیـا باتیفـا ژ سـەر ریبـاری خابیـری) (٢٤) CODE بهایـێ تەنـدەری ١,٠٠٠,٠٠٠ ئیـك ملیـون دینـار/ بـو کومپانییێـن بیناسـازی پلـە (١) و دگـەل هەڤبەشـەکێ joint Venture.
ئـەڤ سـەرئێك کیـم کرنـە لدیـف ڕێنمایێـن جێبەجێکرنـا گرێبەسـتێن گشـتی یـا ژمـارە (٢) یـا سـالا (٢٠١٦) ب شـێوی ڤەکـری دهێتـە ئەنجـام دان بـو هەمـی کومپانییێـن خـودان شیـان بـو ڤـی پـرۆژەی.
ئەڤجـا هـەر کومپانیـا بڤێـت پشـکداریێ بکـەت بـلا سـەرەدانا (کارگێریـا خوجهـی ل دیوانـا پارێزگەهـێ) بکـەت بـو وەرگرتنـا تەنـدەر و مـەرج و سـاخلەتێن تایبـەت ب کاری ڤـە و دیاهێـك ژڤـان بـو فروتنـا تەنـدەران ٢٠٢٠/١٠/١. بـو زانیـن سـەرئێك کێـم کـرن ل دیـف دەم و جهـێ دیارکـری دێ هێتـە ئەنجامـدان:
- ڕۆژ (ئێك شەمبی)
- ڕێکەفتی (٢٠٢٠/١٠/٤)
- دەم ژمێر (١٢ نیڤرو)
- جهـ: دیوانا پارێزگەهێ
عثمان یونس عثمان / جێگرێ پارێزگاریێ دهوکێ
***
پارێزگەها دهوکێ
کارگێریا خوجهی/ ڕێڤەبەریا گرێبەستان
ژمارە: ٩٦٥
ڕێکەفت: ٢٠٢٠/٩/١٠
ئاگەهداری
پارێزگەهـا دهوکـێ/ کارگێریـا خوجهـی رادگەهێنیـت بـو هەبوونـا سـەرئیك کێـم کرنـەکا نهێنـی بـو پـرۆژێ (چێکرنـا بـرکا ئاڤـێ بـو یـەکا وەرگرتنـا یـا پـرۆژێ ئاڤـا ئامیدیـی یـێ ستراتیجی/ قـەزا ئامێـدی) (٢٥) CODE بهایـێ تەنـدەری ٥٠,٠٠٠ پێنجـی هـزار دینـار/ بـو کومپانییێـن بیناسـازی تاکـو پلـە (٢ - ١٠).
ئـەڤ سـەرئێك کیـم کرنـە لدیـف ڕێنمایێـن جێبەجێکرنـا گرێبەسـتێن گشـتی یـا ژمـارە (٢) یـا سـالا (٢٠١٦) ب شـێوی ڤەکـری دهێتـە ئەنجـام دان بـو هەمـی کومپانییێـن خـودان شیـان بـو ڤـی پـرۆژەی.
ئەڤجـا هـەر کومپانیـا بڤێـت پشـکداریێ بکـەت بـلا سـەرەدانا (کارگێریـا خوجهـی ل دیوانـا پارێزگەهـێ) بکـەت بـو وەرگرتنـا تەنـدەر و مـەرج و سـاخلەتێن تایبـەت ب کاری ڤـە و دیاهێـك ژڤـان بـو فروتنـا تەنـدەران ٢٠٢٠/١٠/١. بـو زانیـن سـەرئێك کێـم کـرن ل دیـف دەم و جهـێ دیارکـری دێ هێتـە ئەنجامـدان:
- ڕۆژ (ئێك شەمبی)
- ڕێکەفتی (٢٠٢٠/١٠/٤)
- دەم ژمێر (١٢ نیڤرو)
- جهـ: دیوانا پارێزگەهێ
عثمان یونس عثمان / جێگرێ پارێزگاریێ دهوکێ
***
پارێزگەها دهوکێ
کارگێریا خوجهی/ ڕێڤەبەریا گرێبەستان
ژمارە: ٩٦٦
ڕێکەفت: ٢٠٢٠/٩/١٠
ئاگەهداری
پارێزگەهـا دهوکـێ/ کارگێریـا خوجهـی رادگەهێنیـت بـو هەبوونـا سـەرئیك کێـم کرنـەکا نهێنـی بـو پـرۆژێ (دانانـا عمبـارەکا سـارکەر و هەروسـا راسـتکرن و تێکەڵەکـرن و پـەرژان کرنـا زەڤـیا عەمبـارێ) (٢٣) CODE بهایـێ تەنـدەری ٥٠,٠٠٠ پێنجـی هـزار دینـار/ بـو کومپانییێـن بیناسـازی تاکـو پلـە (٢ - ١٠).
ئـەڤ سـەرئێك کیـم کرنـە لدیـف ڕێنمایێـن جێبەجێکرنـا گرێبەسـتێن گشـتی یـا ژمـارە (٢) یـا سـالا (٢٠١٦) ب شـێوی ڤەکـری دهێتـە ئەنجـام دان بـو هەمـی کومپانییێـن خـودان شیـان بـو ڤـی پـرۆژەی.
ئەڤجـا هـەر کومپانیـا بڤێـت پشـکداریێ بکـەت بـلا سـەرەدانا (کارگێریـا خوجهـی ل دیوانـا پارێزگەهـێ) بکـەت بـو وەرگرتنـا تەنـدەر و مـەرج و سـاخلەتێن تایبـەت ب کاری ڤـە و دیاهێـك ژڤـان بـو فروتنـا تەنـدەران ٢٠٢٠/٩/٢٢. بـو زانیـن سـەرئێك کێـم کـرن ل دیـف دەم و جهـێ

بەپـێ ئـەو داواکاریـەی کـە پێشـکەش کـراوە بـۆ ئـەم فەرمانگەیـە لەلایـەن (سرهنـگ علـی عمـر) لـە بـەرواری ٢٠٢٠/٩/١٤ کـە داوای تۆمارکردنـی ئامێرەکانـی کـردووە دەگرێتـەوە بـۆ خـۆی وێنەسـتا دانـدراوە لـە (پ. باشـوور) و وسـفەکانی لـە خـوارەوەدا دیاریکـراوە، بۆیـە ئەوکەسـەی پەیوەنـدی بەمـە و کەلوپەلـە وەسـفکراوەکان هەیـە پێویسـتە ڕێوشـوێنی یاسـایی بگرێتەبـەر بـۆ سـەلماندنی و گەواهیـەك پێشـانی ئـەم فەرمانگەیـە بـدات بەمەبەسـتی ڕاگرتنـی تۆمارکـردن لەمـاوەی پـازدە ڕۆژدا، واتـە ڕۆژێـك دوای بڵاوکردنەوەکـە، وە تۆمارکردنەکـە بەداواکەوتـوو دادەنرێـت تاکاتـی یەکلاکردنـەوەی داواکـەو ناڕازییـوون بۆمـاوەی حـەوت ڕۆژ لەلایـەن دادگای پەیوەندیـدار، بـە پێچەوانـەوە کەلوپەلەکانـی تۆمـار دەکرێـت بەنـاوی داواکاری تۆمادەکرێـت بەنـاوی داواکاری تۆمارکردنەکـە بەگوێـرەی یاسـا دادنووسـی ژمـارە (٣٣)ی سـاڵی ١٩٩٨ و بروانامـەی تۆمارکردنیشـی پـێ دەدرێـت.
دادنووسی یەکەم / شوان فوزی زەکی
ئامێرەکان:
١- ئامێـری چاپکردنـی لەسـەر فلێکـس، ژمـارەی ئامێـر ٩٠٠٠٠٤٢٠٠٠٠٠٠٧، دروسـتکراوی سـینی، مۆدێلـی ٢٠١٣، جـۆری سـوتەمەنی کارەبـا، توانـای کارەبایـی ١,٧٥ K.W.
٢- ئامێـری چاپکردنـی لەسـەر فلێکـس، ژمـارەی ئامێـر ٦٠٩٥٠١، دروسـتکراوی سـینی، مۆدێلـی ٢٠١٨، جـۆری سـوتەمەنی کارەبـا، توانـای کارەبایـی A١٢
٣- ئامێـری چاپکردنـی لەسـەر فلێکـس، ژمـارەی ئامێـر N٦٤١E٦٠٧، دروسـتکراوی سـینی، مۆدێلـی ٢٠١٤، جـۆری سـوتەمەنی کارەبـا، توانـای کارەبایـی A١٢.
***
فەرمانگەی دادنووسی (یەکەمی هەولێر)
ئاگاداری
بەروار: ٢٠٢٠/٩/١٥
بەپـێ ئـەو داواکاریـەی کـە پێشـکەش کـراوە بـۆ ئـەم فەرمانگەیـە لەلایـەن (صبـاح عزیـز داود) لـە بـەرواری ٢٠٢٠/٩/١٤ کـە داوای تۆمارکردنـی ئامێرەکانـی کـردووە دەگرێتـەوە بـۆ خـۆی وێنەسـتا دانـدراوە لـە (ڕێگـای بەحرکـە) و وسـفەکانی لـە خـوارەوەدا دیاریکـراوە، بۆیـە ئەوکەسـەی پەیوەنـدی بەمـە و کەلوپەلـە وەسـفکراوەکان هەیـە پێویسـتە ڕێوشـوێنی یاسـایی بگرێتەبـەر بـۆ سـەلماندنی و گەواهیـەك پێشـانی ئـەم فەرمانگەیـە بـدات بەمەبەسـتی ڕاگرتنـی تۆمارکـردن لەمـاوەی پـازدە ڕۆژدا، واتـە ڕۆژێـك دوای بڵاوکردنەوەکـە، وە تۆمارکردنەکـە بەداواکەوتـوو دادەنرێـت تاکاتـی یەکلاکردنـەوەی داواکـەو ناڕازییـوون بۆمـاوەی حـەوت ڕۆژ لەلایـەن دادگای پەیوەندیـدار، بـە پێچەوانـەوە کەلوپەلەکانـی تۆمـار دەکرێـت بەنـاوی داواکاری تۆمادەکرێـت بەنـاوی داواکاری تۆمارکردنەکـە بەگوێـرەی یاسـا دادنووسـی ژمـارە (٣٣)ی سـاڵی ١٩٩٨ و بروانامـەی تۆمارکردنیشـی پـێ دەدرێـت.
دادنووسی یەکەم / شوان فوزی زەکی
ئامێرەکان:
١- ئامێـری چاپکردنـی لەسـەر فلێکـس، ژمـارەی ئامێـر ٩٠٠٠٠٤٢٠٠٠٠٠٠٧، دروسـتکراوی سـینی، مۆدێلـی ٢٠١٣، جـۆری سـوتەمەنی کارەبـا، توانـای کارەبایـی ١,٧٥ K.W.
٢- ئامێـری چاپکردنـی لەسـەر فلێکـس، ژمـارەی ئامێـر ٦٠٩٥٠١، دروسـتکراوی سـینی، مۆدێلـی ٢٠١٨، جـۆری سـوتەمەنی کارەبـا، توانـای کارەبایـی A١٢
٣- ئامێـری چاپکردنـی لەسـەر فلێکـس، ژمـارەی ئامێـر N٦٤١E٦٠٧، دروسـتکراوی سـینی، مۆدێلـی ٢٠١٤، جـۆری سـوتەمەنی کارەبـا، توانـای کارەبایـی A١٢.
***
فەرمانگەی دادنووسی (یەکەمی هەولێر)
ئاگاداری
بەروار: ٢٠٢٠/٩/١٥
سـزای دوسـەیا ژمـارە ٢٢٧/ج/٢٠٢٠/٢ ئـەوا هاتیـە تومارکـرن ل بنگەهـێ پولیسـێن نزارکـێ ب ژمـارە ٢٠١٩/١٨٧ تـو بهێیـە ئاگەهدارکـرن ب ڕێکا بەلافکرنـێ دوو ڕۆژنامێـن نافخویـی و تـە مافـێ نەرازیبوونـێ هەیـە سـەر بریـارا ناڤهاتـی مـاوێ سـێ هەیڤـا ژ مێژوویـا ئاگەهدارکرنـا تـە و بەروڤـاژی بریـارا پاشـملە دێ جهـێ بریـارا ئامادەبوونـێ گریـت.
دادەوەر/ شکر سلطان عدو
***
دادگای کەتنی دهوك
ژمارە/ ٤٧٩/ج/٢٠٢٠/٢
ڕێکەوت/ ٢٠٢٠/٩/١٥
ئاگەهداری
